دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران


راگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ١٧ەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی ٢

هاوژینی کریس کۆچێرا سپاسی سکرتێری گشتیی حیزبی کرد ٢

بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و بەستێنی نالەباری ئێران ٧



ژمارە ٧٠٧،سێشەممە ٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، ٢٢ی ئوتی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com





پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٤





هەڵسەنگاندنێک لەسەر «ڕاسان» و «دەروونی... ٨





سەربەخۆیی باشوور وەک دەرفەتێک بۆ دەوڵەتسازی... ٩





حەسەن شەرەفی: ئەوانەی ڕێژیمی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی.. ١٠


# ئاگری ٢٥ی گەلاوێژ دەبێتە تیرێژی ڕاسان




جێژنی ٢٥ی گەلاوێژ ٧٢ـەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٤ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی، بۆ ڕێزگرتن لە ٧٢ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بە بەشداری ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسی حیزب بەڕێوەچوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان، لە برگەی یەکەمی ئەم ڕێوڕەسمەدا، "کەریم پەرویزی" ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یادی ٧٢ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

کەریم پەرویزی سەرەتا باسی لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات کرد و ڕایگەیاند: حیزبی دێموکرات لە کاتێکدا دامەزراوە کە فاشیزم لە جیهاندا و بەتایبەتی دیکتاتۆری و ملهۆڕی هەندێک وڵات لە ناوچەکەدا لەوپەڕی خۆیدا بوو؛ سیستمی قەبیلەگەرایی، ناوچەگەرایی و خانخانی لە نێو کۆمەڵگادا گرێچنی ئەسڵی کۆمەڵگا بوو".

پەرویزی "هۆکارەکانی دروستبوونی حیزبی دێموکراتی بۆ چەندین خاڵی گرینگی وەک نەبوونی ئازادیی مرۆڤەکان، پێشێلکردنی کەرامەتی نەتەوەیی، تواندنەوەی کولتور و چەواشەکردنی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەیی و چەند هۆکاری دیکەی هزری، دادپەروەری و هتد... گەڕاندەوە".

کەریم پەرویزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە: "مۆدێڕن بوونی حیزبی دێموکرات، بەرپرس بوونی حیزبی دێموکرات، وەڵامدەریی حیزبی دێموکرات، ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی حێزب و چەقبەستوو نەبوون و داهێنەری و ئافرێنەری دێموکرات و هەروەها پرەنسیپی ئەخلاق لە سیاسەتی ئەو حیزبەدا کرد.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وێڕای ئاماژەکردن بە شپرزەیی ڕێژیم، ڕاسانی ڕۆژهەڵاتی بە درێژەی ڕێچکەی شۆڕشگێڕیی و داهێنەری و دەروەستیی حیزبی دێموکرات بە ئارمانەکانی خەڵک پێناسە کرد.

دواتر، کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سروودێکی شۆڕشگێڕانەی لەژێر ناوی "گەلاوێژ" پێشکەشی بەشداربووان کرد.

هەروەها بە بۆنەی ٧٢ـەمین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند شێعری شۆڕشگێڕانە لەژێر ناوەکانی "تێخی حەق" و "مەشخەڵ" لە لایەن شاعیری پێشمەرگە مامۆستا "بێبەش" پێشکەش کرا.

دواتر، پەیامی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی ژنان، لاوان و خوێندکارانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن "شنە دروودگەر" جێگری سکرتێری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک لەژێر ناوی "ڕێبازی دێموکرات" لە لایەن منداڵانی ناوەندی نێرگزەوە پێشکەش کرا.

لە کۆتایی ڕێورەسمەکەشدا، سروودی "من دێموکراتم" لە لایەن هونەرمەند غولام فاتحی و بە هاوکاری کۆڕی موزیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرا.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە سەروبەندی ساڵیادی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تێکۆشەران و قارەمانانی حیزب لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر کار و چالاکی بەرینیتەبلیغییان بەڕێوەبرد کە لەگەڵ پێشوازی گەرمی خەلکی کوردستان بەرەوڕوو بوویەوە و لەبەرامبەریشدا هێزە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیمی تووشی شۆک کرد.

خوێنەرانی بەڕێزی **"کوردستان"** ئاگادار دەکەینەوە کە دەقی وتەکانی بەڕێز کەریم پەرویزی ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لەم ڕێوڕەسمەدا لە لاپەڕەی٤ی ئەم ژمارەی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

## پەیڤ

### ڕاسان و دەوڵەتی کوردستانی باشوور

**کەریم پەروزی**

لە کوردستان باشووردا هەنگاوی سیاسیی لە ئاستی سەرەوە هەڵگیراوە کە ڕێفراندۆم لە کۆتایی مانگی ٩ی زایینی، یەکەم حەوتووی پاییزی ١٣٩٦دا بەڕێوە ببەن و مەبەستیان لەو ڕێفراندۆمە پرسیارکردن لە خەڵک سەبارەت بە سەربەخۆیی ڕاگەیاندووە.

ئەم هەنگاوە سیاسییە لە ئاستی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەشێوەی گشتی بە پێشوازییەوە چوون و خەڵک دڵخۆشە بەوەیکە لە بەشێکی کوردستاندا نەتەوەی کورد لە سەربەخۆیی نزیک بۆتەوە. ئەم دڵخۆشییە تەنیا لە ئاستی حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا نییە و خەڵکی ئاسایی زۆرتر و روونتر لەو بوارەدا هەستی خۆیان دەربڕیوە.

بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەم دڵخۆشییە، دڵەخورپەیەکیش لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا هەیە کە دوای ڕێفراندۆم و بەتایبەت دوای سەربەخۆیی کوردستانی باشوور دۆخی خەبات لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چۆنی لێ دێ؟

ئەم نیگەرانییە زیاتر لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە دوای دەسکەوتەکانی کورد لە باشوور، لە دوو قۆناغی جیاوازدا، خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵات لە کزی دا و ڕێژیمی حاکم لە تاران بە پیلانداڕێژی توانی زەربەی قورس لە خەباتی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بوەشێنێ.

لەم ئاراستەیدا دوو بۆچوون دێتە ئاراوە؛ یان لە راستیدا دوو جۆر خوێندنەوە بۆ سیاسەت و ستراتێژی لە کوردستان، بەتایبەت لە دوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵات دەکرێ.

بۆچوونی یەکەم ئەوەیە کە لە هەر بەرەوپێش چوونێکی خەبات و پرۆسەی سیاسی لە کوردستانی باشووردا، هەرچەند لە ئاستی هزر و ئیرادەی نەتەوەییدا بە قازانجی کوردستانیان بەگشتییە، بەڵام لەبەر لاوازیی کوردستانی باشوور لەبەرامبەر دەوڵەتی تاراندا (هەر کەس لە تاران لەسەر کار بێ)، کوردستانی باشوور ناچار دەبێ ئیمتیاز بە حکومەتی تاران لە سەر حیسابی خەباتی ڕۆژهەڵات بدا.

بەپێی ئەم بۆچوونە، بەرژەوەندیی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات دەکەونە دوو بەرەی جیاوازەوە کە دابینبوونی یەکێکیان، لە کورتخایەن ونێوەندماوەدا بە زەرەری ئەوی دیکەیان دەشکێتەوە. لەم نموونەیەدا هەرچی پرۆسەی سیاسی لە کوردستانی باشوور لە سەربەخۆیی نزیکتر بێتەوە دژایەتیی بەرژەوەندیی لەگەڵ ڕۆژهەڵات توندتر دەبێتەوە، خەباتی ڕۆژهەڵات بەرەو قۆچی قوربانی پاڵ پێوە دەنرێ.

لە خوێندنەوەی دیکە و ڕوانینی دیکەدا، بەرژەوەندیی بەشەکانی کوردستان


درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی ١٧ـەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی

بۆ ئاگاداری هەموو لایەک ڕادەگەیەنین کە ١٧یەمین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٥ ، کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی بەرانبەر بە ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٧ی زایینی دەستی پێکرد و پاش دوو ڕۆژ کاری بەردەوام کاتژمێر ٨ی ئێوارە ڕۆژی سێشەممە کۆتایی بەکارەکانی هێنا.

پلینۆم بە خولەکێک بێدەنگی و بە پێوەراوەستان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزب بە تایبەت شەهیدانی تازەی ڕاسان دەستی پێکرد، دواتر بەرنامەی کاری پلینۆم کە پێشتر ئەندامانی بەڕێوەبەری حیزبی لێی ئاگادار کرا بوو خرایە بەر باس و پاش پەسندکردنی بەرنامەکە، ڕاپۆرتێکی سیاسی و لێکدانەوەیەکی گشتی لە سەر هەلومەرجی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران و خەباتی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و ئەرک و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرانبەر بە ئەگەری هەر ڕووداو و ئالوگۆڕێک، لە لایەن بەڕێز کاک "مستەفا هیجری" سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشکەش بە بەشدارانی پلینۆم کرا.

لەو لێکدانەوەیەدا وێڕای ئاماژە بە وەزعی ناوچە و لە ژێر تیشکی ئەو وەزعەدا باس لە هەلومەرجی ئێران کرا بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش چەندین ساڵ درێژەدان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش و پەلوپۆهاوێشتن بە مەبەستی دەستێوەردان و نفووز لە وڵاتانی ناوچە و هەڵکشان لەو بوارەدا کە بە هۆی بۆشایی لە ناوچە، وەزعی ئەفغانستانی دوای تالیبان و عێراقی پاش ڕووخانی سەدام حوسەین و پاشەکشەی ئامریکا لە عێراق و شەڕی سووریە و سیاسەتی نەرمینواندن و سازانی ئامریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٨ ساڵ سەرۆکایەتی ئوبامادا بۆی پێک هاتبوو، ئێستا لە ماوەی ٦ مانگی ڕابردوودا و بە هۆی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتی ئامریکا و وڵاتانی ناوچە بەرانبەر بە ناوچەی ڕۆژهەڵات بە گشتی و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تایبەتی ئەو ڕەوتە بەرە و داشکان هەنگاوی ناوە، سیاسەتی نوێی ئامریکا و هەلویستی بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ناوچە دژ بە هەژموونیخوازی و زیادەڕەوی و سەرەڕۆیەکانی ڕێژیم و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە بوونە بەربەست لەبەردەم سیاسەت و کرداری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ نفووز و پەرەگرتنی دەسەڵاتی لە وڵاتانی ناوچەدا.

ڕێککەوتنەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ٥ کۆی ١ لە پێوەندی لەگەڵ چالاکییە ئەتۆمیەکانی ڕێژیم نەک ئاکامێکی ئابووری بە قازانجی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانی لێنەکەوتووتەوە، بەڵکوو لە لایەن ئامریکاوە بۆتە هۆیەکی فشار لە سەر ڕێژیم بۆ پابەندبوونی بە خاڵە درشت و وردەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، لەکەش و هەوای ئەو فشار هێنانەدا ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە هاویشتنی ٦ مووشەک بۆ دیرەلزور لە سووریە و تاقیکردنەوەی مووشەکێکی باڵستیک و مووشەکی سیمورغ، ئاتۆیەکی دیکەی دایە دەست کە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا داوای پشکنینی دامەزراوە مووشەکی و چەک و چۆڵەکانی ئێران بکەن. حزووری پڕڕەنگی ڕێژیم لە سووریە بە بەهانەی شەڕ لەگەڵ داعش، بەڵام بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، بە هاتنی ڕووسیە و دواتر ئامریکا بۆ نێو گۆڕەپانی کێشەکانی سووریە بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە سووریەی کەمرەنگتر کردووە و پێکهێنانی هیلالی شیعە لە لایەن ئێرانەوە بە سازانی ئامریکا ورووسیە بۆ پێکهێنانی ناوچەی ئارام لە باشوور و باشووری خۆرئاوای سووریە کە ئامریکا بەرێوەی دەبا لەگەڵ ناکامی بەرەوروو کردوە. بە تایبەت بە دانانی چەند پایەگای سەربازی و بنیادنانی چوار فرۆکەخانە لە لایەن ئامریکاوە لە سووریە ڕۆژبەڕۆژ فشار بۆ سەر کۆماری ئیسلامی لە سووریە زیاتر دەکا.

لە عێراق کە تا ماوەیەک لەوە پێش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە غیابی ئامریکا و عەرەبستاندا تەراتینی بێ بەر بەستی دەکرد لە ئێستادا هەم ئامریکا بەرامبەر بە عێراق بێتەفاوەت نییە و هەمیش عەرەبستان و وڵاتانی کەنداو و تەنانەت میسریش بەرامبەر بەو ڕمبازێنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق بێ دەنگ نیین و تەنانەت دژ بە نفووز و دەخاڵەتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و ناوچەدا یەکگرتوویی و یەکدەنگی و هاوهەڵوێستێکی پێویستیان پێکهێناوە و لە نێوخۆی عێراق و هێزە شیعەکانیشدا دەنگی نارەزایەتی لە دەستێوەردانی بێسنووری ڕێژیمی ئێران لە کاروباری ئەو وڵاتەدا بەرز بووەتەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو حاڵەتانە ڕاپۆرتەکەی سکرتێری گشتی بەو ئاکامە گەیشتبوو کە سەردەمی پەرەگرتنی نفووز و دەسەڵاتی ڕێژیمی تاران لە ناوچە بەسەر چووە و ڕەوتی داکشانی خێرای دەستی پێکردووە.

لێکدانەوەی سکرتێری گشتی بە سەرنجدان بە وەزعی نێوخۆیی ئێران ئاماژەی بەوە کردبوو کە لە دەوری یەکەمی سەرۆککۆماری حەسەن ڕوحانیدا سەرەڕای هەموو وەعدە و بەڵێنەکانی ڕێژەی ئیعدامەکان زیادی کردووە، دەستگیرکردن و زیندانی کردن پتر بووە و وەزعی ژیان و گوزەرانی خەڵک ئەگەر خراپتر نەبوو بێ باشتر نەبووە. بەم حاڵەش و سەرەڕای بەڵێنیە دووبارەکانی بە خەڵک و هەڵبژێرانەوەی بە سەرکۆمار، لیستی ئەندامانی کابینەکەی نیشان دەدا کە زیاتر بەلای بناژۆخوازەکانیدا شکاندووەتەوە و، نە ژنێک پۆستی وەزارەتی پێ دراوە و نە پێڕەوانی ئەهلی سوننەت.

لە پێوەندی لەگەڵ کێشە نێوخۆییەکانی بناژۆخوازەکان و ئیسلاحتەلەبانی ڕێژیمدا لێکدانەوەکە دەربڕی ئەو ڕاستییە بوو کە سەرەڕای بوونی کێشەی واقعیی، بەڵام هیچ لایەنێک کێشەیان لە سەر بەرژەوەندی و باشبوونی ژیان و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران نییە، بەڵکوو پێوەندی بە دەسەڵاتی زیاتر و دەستوڕاگەیشتن بە سەروەت و سامانی پترە و، لە پێناو پاراستنی کۆماری ئیسلامیدا نە تەنیا جیاوازێکیان نییە، بەڵکوو هاودەنگ و هاوڕان. لە بەشێکی دیکەی لێکدانەوەی سکرتێری گشتیدا وەزعی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان باسی لێکرا بوو و پێوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ هەرکام لە هێزە کوردییەکان ئاماژەی پێکرا بوو و پێویستی هاوکاری نێوان هێزە کوردییەکان بە تایبەت حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات پێی لە سەر داگیرا بووە.

لێکدانەوە سیاسییەکە بەلەبەرچاوگرتنی هەموو ئاڵوگۆڕ و ئەگەرەکان ئەرکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بۆ هەر ئەگەرێک دەستنیشان کرد بوو و لەو چوارچێوەدا گرینگی زیاتر بە ڕاسان، گرێدانی خەباتی شار و شاخ سەرنجی پێویستی پێ درا بووە و ڕێگاکانی بەهێزترکردنی پێشنیار کرا بوو.

پلینۆم پشتیوانی کردنی دەفتەری سیاسی لە ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستان بە سیاسەتێکی دروستی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی کوردپەروەرانە زانی و تەئیدی کرد.

لە بەشێکی دیکەی کاری پلینۆمی ١٧هەمدا ڕوانگەی هاوڕێیانی پێشووی لە سەر یەکگرتنەوە کە بەدوای چەند دانیشتنی هەیئەتەکاندا هاتبووە گۆڕ خرایە بەرباس و سەرەڕای هەموو ڕەخنە و تێبینییەکان بەرانبەر بەم ڕوانگەیە درێژەدان بە دانیشتن و وتووێژ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوو بە مەبەستی یەکگرتنەوە بە پێویست زانرا.

بەشدارانی پلینۆم زۆر چالاکانە بەشداری باسەکان بوون و دوای ڕاوبۆچوون و تێبینییەکانی خۆیان لەسەر هەر بڕگەیەکی لێکدانەوەکە و یارمەتیدان بە دەوڵەمەندترکردنی ڕاپۆرتەکەیان پەسند کرد و، ڕاسپاردەکانی خۆیان لە پێوەندی بە بڕیارەکانی پلینۆم بە دەفتەری سیاسی دا.

پلینۆم کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ١٧ی گەلاوێژ کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
١٨ی گەلاوێژی ١٣٩٦ی هەتاوی
٩ی ئاگۆستی٢٠١٧ی زایینی




## هاوژینی کریس کۆچێرا سپاسی سکرتێری گشتیی حیزبی کرد

پاش ناردنی پەیامی هاوخەمی حیزبی دێموکرات بۆ بنەماڵەی نووسەر و ڕۆژنامەوانی کورددۆست "کریس کۆچێرا" بەبۆنەی کۆچی دوایی ناوبراو، هاوسەری ئەم دۆستە دێرینەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، سپاسنامەیەکی ئاراستەی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات کرد.

دەقی سپاسنامەکەیان بەم چەشنەیە:

وەڵامی خاتوو "ئێدیت کۆچێرا" بۆ بەڕێز مستەفا هیجری

بەڕێز مستەفا هیجری وێڕای سپاس بۆ ناردنی پەیامەکەتان؛ بزانن کە کوردەکانی ئێران لە نێو دڵی ئەندامانی بنەماڵەی کۆچێرادا جێگەیەکی تایبەتییان هەیە.

من و منداڵەکانم سپاسی تایبەتی ئێوە دەکەین لەمەڕ ناردنی ئەو پەیامە پڕ لە ڕێز و پێزانینە لەپیوەندی لەگەڵ کۆچی دوایی کریس کۆچیرا. پەیامەکەتان بۆ من و منداڵەکانم کاریگەری و شوێندانەری زۆری دانا.

لەگەڵ ڕێزی دووبارەم
ئێدیت
٨ی ئوتی ٢٠١٧

## پێشمەرگەکانی شار هێرشیان کردە سەر مۆڵگەکانی ڕێژیم

لە ئەنجامی شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی شار سەر بە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی چەندین پاسدار و دژی گەلی کوژران و بریندار بوون.

شەوی ١٧لە سەر ١٨ی گەلاوێژ کاتژمێر ٢ی شەو پێشمەرگەکانی شار، سەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هێرشیان کردە سەر پایگای "سینگان" سەربە شاری شنۆ و توانییان زەبرێکی کاریگەر لە داگیرکەرانی کوردستان بوەشێنن.

تا ئێستا لە ڕێژەی کوژراو بریندارەکانی ڕێژیم زانیارییەکی ورد لەبەردەستدا نییە.

هەر هەمان شەو کاتژمێر ٩ی شەو لە کوێستانەکانی پشتی ترکەش سەربە ناوچەی پیرانشار لە شوێنێک بە ناوی "قەپ قەپ" تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی شار وهێزەکانی ڕێژیم هاتە ئاراوە کە لە ئەنجامدا دوو کەس لە هێزە چڵکاوخۆرەکانی ڕێژیم کوژراون و پێشمەرگەکانیش بە سلامەتی شوێنی تێکهەڵچوونەکەیان بەجێهێشت.

## ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ یادی شەهیدانی نوێی حیزبەکەمان بەڕێوەچوو

لە بنکەی سەرەکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی نوێی حیزبەکەمان لە شەڕی پیرانشار بەڕێوە چوو.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٦ی گەلاوێژ بە بەشداری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامانی ڕێبەری حیزب و هەروەها کادر و پیشمەرگەکانی حیزب و بنەماڵەکانیان ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ڕێزگرتن لە گیانفیدایی دوو پیشمەرگەی قارەمانی حیزب کە لە شەڕ لەگەڵ سپای تێرۆریستی پاسدارانی ڕێژیم شەهید کران بەڕێوەچوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی حیزب و گەل بەتایبەت شەهیدانی نوێی حیزب دەستی پیکرد.

پاشان بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزب بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پیشکەش کرد.

ناوبراو لە وتەکانیدا ڕوو لە بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە ئاماژەی بەوەکرد: لێرەدا کۆبووینەتەوە تاکوو خەمی لەدەستچوونی هاوڕێیانی تازە شەهیدبوومان پێکەوە بەش بکەین و گرانی و قورسایی ئەو خەمە پێکەوە تەحەممول بکەین.

بەڕێز شەرەفی وێڕای ئاماژەکردنی بە ڕەوتی خەباتی گەلەکەمان لە پێناو ڕزگاری نەتەوەکەماندا وتی: ئێمە بەداخەوە شاهێد و بینەری لەدەستچوونی ئازیزانی زۆر خۆشەویستمان بووین؛ پاشان باسی لە هەواڵی شەهید بوونی ٢ هاوڕێ و هاوسەنگەری بەوەفای حیزبەکەمان کرد و وتی: قارەمانەتی و خۆڕاگری پێشمەرگانەی ئەو ئازیزانە لەبەرامبەر هێزی پووشت و پەرداختی دوژمن بەچەشنیک بووە کە شیاوی ناوی پیشمەرگە بوو.

جێگری سکرتێری گشتی حیزب هەروەها ڕایگەیاند: ئەو تێکۆشەرانەمان لەپێناو گەیشتن بە ئازادی شەهید بوون، بەداخەوە نرخی گەیشتن بەو ئامانجەش زۆر گرانە کە بریتییە لە لەدەستدانی خۆشەویست ترین کەسەکانمان؛ بەڵام لەبەرامبەر ئەو برینە گران و بەژانەدا دەبینین کە ئەوانەی لەو ڕێیەدا دەڕۆن هەمیشە زیندوو دەمێننەوە.

وتیشی هەرچەند ئەم ڕووداوە برینێکی بەژانە بەڵام حیزبی ئێمە ڕاهاتووە بەوەیکە لە پیوانی ڕەوتی خەبات و بزووتنەوەدا برینی قورس هەڵبگرێ بەڵام قەت بەچۆکدا نەیەت کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی پۆڵایینی حیزبەکەمان و لەخۆبووردوویی بنەماڵەی ئازیزانی شەهیدمان.

لەکۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا بەڕێز شەرەفی جارێکی تر سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدە تازەکانمان کرد و ڕایگەیاند: هیوادارم بزووتنەوەکەمان بە هەوڵی هەموو لایەکمان لە پیوانی ڕەوتی گەیشتن بە ئازادی خێراتر بێ و بینەری شەهیدبوونی هاوڕێیانمان نەبین.

## کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" بە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا و بڵاو کرایەوە

کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" لە نووسینی نەسرین قاسملوو، لە لایەن "سیسی دانیگەر"ـەوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرا و چاپ کرا.

"سیسی دانیگەر" وەرگێڕی ئاڵمانی "کتێبی ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" بۆ سەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.

ئەم کتێبە لە لایەن هاوسەری دوکتور قاسملوو"هێلێن" لەسەر بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات بە زمانی فەرانسەوی نووسراوە.

"سیسی دانیگەر" وەرگێڕی ئەڵمانیی، کتێبی "ئوروپاییەک لە وڵاتی کورداندا" لە نووسینی "هێلین قاسملوو"، ڕایگەیاند: لەم مانگەدا بۆ یەکەمجار چاپی ئینگلیزیی کتێبەکە بە ناوی "خۆشەویستی لە بەرامبەر هەموو هۆیەکان" بڵاو بووەتەوە.

سیسی دانیگەر، ڕایگەیاندووە: ئەو کتێبە لە لایەن چاپخانەی "ئێڵ ئای ڤی ڤێرلاگ" لقی "زیوریخ" بڵاو بووەتەوە و چەندین بەش و زانیاریی نوێی تێدایە، کە نووسەر وەکوو ژنێکی ڕۆژئاوایی کە تێکەڵاوی خەباتی کورد بووە، پێی زیاد کردووە.

دانیگەر، هەروەها گوتوویەتی: ئەو کتێبە ساڵی ٢٠١١ سەرەتا بە زمانی فەرانسەوی لە پاریس بڵاو بووەتەوە و دواتر وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی کوردی، تورکی، ئاڵمانی و فارسی و ئێستاش بۆ یەکەمجارە بە ئینگلیزی بڵاو دەبێتەوە.

"هێلێن کرولیچ" ناسراو بە "نەسرین قاسملوو" خەڵکی چێکسلواکی، لە دەستپێکی دەیەی ٥٠ی سەدەی ٢٠ی زایینی



لەگەڵ دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران، لە شاری پراگ ئاشنا بوو و دواتر ژیانی هاوبەشییان پێک هێنا.

کەریم پەرویزی:

# گرینگترین شێوازی سیاسەت و بەرنامدارێژیی حیزبی دێموکرات، بڕوا بە هێزی خەڵکە




پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ۷۲ەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

هاوڕێیانی بەڕێز ئەم کاتەتان باش؛ وێڕای سلاوێکی گەرم لەم هەوا گەرمەدا پێشکەش بە ئێوەی ئازیز، بەخێر بێن بۆ کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمی ئەم جارەمان کە یادی دامەزراندنی حیزبە خۆشەویستەکەمانە.

لە دامەزراندنی ئەم حیزبەدا و لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بە دەوری یەکەوە کۆدەبینەوە، ڕۆژی شاییە، ڕۆژی خۆشییە، خۆشی بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبێکی وەها شۆڕشگێڕ و گەورە کە ۷۲ ساڵە بێ پسانەوە، بێ کۆڵدان بەردەوامە لەسەر ڕێگای خەبات؛ لە ۲٥ی گەلاوێژی ۷۲ ساڵ پێش ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەزرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر بناغە تەشکیلاتییەکانی کۆمەڵەی "ژێکاف" بەو ڕێبەرایەتییەوە، بەو کەسایەتییانەوە، بەو تێکۆشەرانەوە کە ڕێچکەیەکی شۆڕشگێڕانەی نوێیان دامەزراند، لەسەر ئەو بناغەیەو بە هزری بەهێزی پێشەوای نەمر، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دادەمەزرێت. حیزبی دێموکرات لە ۷۲ ساڵ لەمەو پێشدا لە چ بارودۆخێکدا دامەزراوە؟ تەنیا عەدەدی ۷۲ و تەنیا حەوت دەیە پێش کافی نییە بۆ ئەوەی بزانین پێشتر وەزعەکە چۆن بووە.

کە بەخێرایی و بە کورتی ئاوڕ لەو کاتە دەدەینەوە بۆ ئەوەیە کە بزانین ئەو کاتەی حیزبی دێموکراتی تێدا دامەزراوە بارودۆخ و هەل ومەرجی ناوچە لە چیدا بووە؟ بۆ ئەوەیکە گەورەیی حیزبی دێموکرات و گەورەیی ئەو هەنگاوەمان بۆ ڕونتر بێتەوە دەبێ لەبیرمان بێت کە ۷۲ ساڵ پێش ئێستا جیهان تازە بە کۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم گەیشتبوو. شەڕی جیهانی کە فاشیزم دەیهەویست دەست بەسەر دنیادا بگرێت؛ لە بەرامبەر فاشیزمدا ئازادیخوازی و بەرەی ئازادیخوازی خۆڕاگری کردبوو، مقاومەتی کردبوو و بەرەی فاشیزمی بە چۆکداهێنا بەڵام بە چۆکداهێنان تەنیا لەو سەردەمەدا تازە سەروبەندی بەچۆکداهاتنە نیزامییەکەی بوو؛ فاشیزم دەیهەویست تەواوی دنیا بگرێت، فاشیزم دەیهەویست سووکایەتی بە هەموو نەتەوەکانی دونیا بکات و تەنیا ئەو خوێنە و ئەو نژادە کە خۆی بە باشی دەزانێت بە ئاغا و ئەربابی دونیای دابنێت.

لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا سەدان ساڵ بوو دیکتاتۆری و ملهۆڕی حوکمڕانی دەکرد. ملهۆڕی، ژێر پێنانی کەرامەت و مافی هەموو ئینسانەکان بەرهەمی کلتوری سەدان ساڵەی سەرەڕۆیی بوو. لە ئێرانیشدا لە سەرەوەی هەموو سەرەڕۆییەکان و ملهۆڕییەکان دەسەڵاتێکی ستەمکار حاکم بوو بەسەر وڵاتدا.

لە نێو خەڵکدا، لە نێو کۆمەڵگادا کەلتوری خێڵەکی، کەلتوری کۆنەپارێزی، سیستمی خان خانی وعەشیرەگەرایی و ناوچەگەرایی کەلتوری زاڵ بوو.

لە وەها دۆخێکدا کە لە ئاستی جیهان و ناوچە و لە نێو خەڵکدا زاڵ بوو، حیزبێکی ئەمڕۆیی، حیزبێکی مۆدێرن، حیزبێکی دێموکرات، دادەمەزرێت. حیزبێک بە بەرنامەی ئەمڕۆییەوە، بە شێوازی کاری ئەمڕۆیی و مۆدێرن و سەردەمیانەوە دژ بەو کەلتورە باوانەی کە لە جیهان و ناوچە و لە نێو خەڵکدا حکومەتی دەکرد؛ لەوێدایە کە گەورەیی حیزبی دێموکرات و گەورەیی ئەو کەسانەی کە ئەو حیزبە و ئەو ڕێگایەیان دەست پێکرد. لێرەدایە کە بۆمان دەردەکەوێت حیزبی دێموکرات لەسەر چ بنەمایەک دادەمەزرێت؛ وەزعی نێو کۆمەڵگا و سیاسەت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی چۆن بوو کە حیزبی دێموکرات دادەمەزرێت و دەیەوێت خەڵک بە دەوری ئەو بیرو باوەڕەوە کۆبکاتەوە.

بنەما کۆمەڵایەتییەکان و ڕیشەکانی سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات کامانەن؟ بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین؛ گرنگتر لە هەموویان نەبوونی ئازادی ئینسانەکان بوو. لە نێو کۆمەڵگادا و لە نێو سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکدا کە بەسەر وڵاتدا زاڵە ئازادی ئینسان مانایەکی نییە. ئینسان بریتییە لە کۆیلەیەک کە لە خزمەتی ملهۆڕی حاکم بەسەر وڵاتدایە. ئازادیی ئینسان هیچ مانایەکی نییە بەڵکوو ئینسان تەنیا سوتەمەنیەکە بۆ ویست و غەرەز و قین و خۆشەویستی و حەزی ملهۆڕی حاکم.

مەسەلەی دووهەم یا بنەمای دووهەم کە لە کۆمەڵگادا و لە سیستمی وڵاتدا هەبوو پێشێلکردنی کەرامەتی نەتەوەکانە؛ سیستمی ملهۆڕی ئەوکات هیچ مافێک بۆ نەتەوەکانی نێو وڵات قایل نییە، هیچ نەتەوەیەک بەڕەسمی ناناسێت، تەنیا دەیهەوێ نەتەوەیەکی دەسکرد کە مێژوویەکی چەواشەی بۆ دروست کردووە بە ناوی نەتەوەی ئێران بە سڕینەوەی هەموو پێناسە و کاراکتەرەکانی نەتەوەکانی دیکە نەتەوەیەکی دەسکرد دروست بکات و کەرامەتی نەتەوەکانی دیکە پێشێل بکات. لەو سەردەمەدا تازە هەنگاوەکانی سەرهەڵدانی نەتەوەیەکی دەسکرد، دەوڵەت نەتەوەیەکی دەسکرد، گۆڕینی مەمالیکی مەحروسە بەرەو حکومەتی شاهەنشاهی ئێران هەڵ گیرابوونەوە و دەزانین کە لەو پێناوەدا چ جنایەتێکیان کرد و چۆن کەرامەتی نەتەوەکانیان پێشێل کرد.

بنەمایەکی دیکە و ڕیشەیەکی دیکە کە هەبووە لەو سەردەمەدا کە دەبێتە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ، هەوڵ و سیاسەت و کارەکانی حکومەتە بۆ تواندنەوەی کەلتوەر و چەواشە کردنی مێژوو و ناسنامەی نەتەوەکان. کەلتوری نەتەوەکان دەتوێنێتەوە لە نێو کەلتورێکی دەسکرددا کە لە ناوەندەوە سەرهەڵدەدات، مێژووی نەتەوەکان چەواشە دەکات، بە دواکەوتوو، بە تێنەگەیشتوو، بە دڕندە ، بەوانەیان ناو دەنێت بۆ ئەوەیکە تەنیا نەتەوەی باڵادەست بە نەتەوەیەکی شایانی حوکم کردن بزانێت. دەیەوێ خەڵکی نەتەوەکانی دیکە خۆیان تەنیا لە نەتەوەی باڵادەستدا ببیننەوەو نەتەوەکەی خۆیان پێ سووک و پێ کەم بێت وناسنامەی نەتەوەییان دەسڕێتەوە و وەکوو قەبیلە، وەکوو عەشیرە، وەکوو خێڵ دەیانناسێنێت.

بنەمایەکی دیکەی سەرهەڵدانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ وەکوو حیزبی دێموکرات نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتییە لە نێو کۆمەڵگادا چ ئەوەیکە سیستمی حاکم دەیهەوێت زاڵی بکات چ ئەوەیکە لەنێو کۆمەڵگادا هەیە، نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، نەبوونی دەرەتانی ژیانێکی ئاسوودە و ئینسانی بۆ بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگایە و ڕق و بێزاری بەرامبەر بە ژیان لە کۆمەڵگا پێک دێنێت، هەست بە سووکایەتی کردن لە کۆمەڵگادا پێک دێنیت.

یەکێکی دیکە لە ڕیشەکان و بنەماکان کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی حیزبێکی دێموکرات، زاڵبوونی هزر و بیری خێڵەکی و عەشیرەیی و خێڵ خێڵی و ناوچەگەراییە. حیزبی دێموکرات دەیهەویت لە خێڵەوە، لە ناوچەوە تێپەڕێت بەرەو نەتەوە و دێموکرات بوون. ئەمانە بە کورتی هەندێک لە بنەماکان و ڕیشەکانی نێو کۆمەڵگان کە پێویست دەکات حیزبێک، ڕێکخستنێک، سازمانێک، ئۆرگانیزاسیۆنێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی بێتە ئاراوە تاکوو هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی ئەو ڕیشانە بدات؛ لەو پێناوەدایە کە ڕووناکبیران، تێکۆشەران و شۆڕشگێڕانی کورد لەسەر دەستی پێشەوای نەمر، بە ڕێبەرایەتی پێشەوای نەمر، حیزبی مۆدێرن و ئەمڕۆیی و شۆڕشگێڕی دێموکرات دادەمەزرێنن. بناغەکانی قوتابخانەی دێموکرات بنیات دەنێن، یەکەم بەردەکانی لەسەرئەرزی کوردستان دادەنێن.

ئەم حیزبە بە درێژایی مێژووی خۆی، بە درێژایی حەوت دەیە خەبات و تێکۆشانی، چۆنی کار کردووەو چۆنی سیاسەت کردووە؟ چ بەرهەمێکی هەبووە بۆ کۆمەڵگا، ئەو ڕێبازەی کە گرتویەتیە پێش شێوازەکانی کاری، مێتۆدەکانی کاری کامانەن؟ مێتۆدی خەباتی کامانەن؟ لە پێناوی چیدا خەباتی کردووە و چۆن خەباتی کردووە؟

ئاماژەیەکی کورت وخێرا بە هەندێک لە گرینگترین مێتۆدەکانی کارکردن و ڕێبازی حیزبی دێموکرات لێرەدا پێویستە؛

گرینگترین شێوازی سیاسەت و بەرنامدارێژیی حیزبی دێموکرات، بڕوا بە هێزی خەڵکە. حیزبی دێموکرات هەروەک ئاماژەی پێکرا لەسەر ئەساسی ڕیشە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای کوردستان دادەمەزرێت، لەسەر ئەساسی ئەو بنەمایانەی کە لە کۆمەڵگادا زاڵن چ سیستم زاڵی کردووە چ بەرهەمی کەلتوری سەدان ساڵە دامەزراوە؛ چوونکە لەو کۆمەڵگایەوە سەرچاوە دەگرێت، بڕوایەکی قووڵی بە هێزی خەڵک هەیە؛ بڕوا بە هێزی خەڵک لە سێ لایەنەوە: لایەنی یەکەمی بڕوا بە هێزی خەڵک بریتییە لەوەیکە حیزبی دێموکرات بەستراوە بە هیچ شوێنێک نییە، حیزبێکی سەربەخۆیە، حیزبێکە تەنیا لە خەڵکی خۆی هێز وەردەگرێت و بڕوای بە هێزی خەڵک هەیە؛ بەو مانایەی کە لە پێناوی بەرژەوەندی هیچ لایەنێکی دیکە کار ناکات، خەبات ناکات، موبارزە ناکات، شەڕ ناکات. نە بەستراوە بە هیچ دەوڵەتێکی دیکەیە، نە بەستراوە بە هیچ لایەنێکی دیکەیە، بەڵکوو لە خەڵکی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت. زۆرمان بیستووە و بینیوە و لە مێژوودا

**تەنیا کارێک کە دەتوانین لە پێناو ئەو نرخەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات داویانە بیکەین، دانەواندنی سەری ڕێز لە بەرانبەر هەموو ئەو نرخانە و دانی بەڵێنی وەفاداری بە ڕێگاکەیان و بە ڕێبازەکەیان و بە ئاواتەکانیانە.**

دووپات کراوەتەوە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستاش کە خەباتی حیزبی دێموکرات بەستراوە بە بیانییەکان دەزانن، سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات بە دەسکردی یەکیەتی سۆڤیەت دەزانن، دەسکەوتەکانی حیزبی دێموکرات کە گرینگترینیان دامەزراندنی کۆماری کوردستانە بە دەسکردی سۆڤیەت دەزانن و دەیناسێنن، خەباتی ٤٦-٤٧ی شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات بە دەسکردی ڕێژیمی عێراقی ئەوکات دەزانن، وەکوو تۆڵە کردنەوەیەک لە بەرامبەر پشتیوانی ڕێژیمی پاشایەتی لە شۆڕشی کوردی باشووردا، سەرهەڵدانی حیزبی دێموکرات، گەورەبوونەوەی حیزبی دێموکرات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئاشکرای دووبارەی بەستراوە بە ڕێژیمی بەعس و بە ڕێژیمی عێراق دەناسێنن، دەسپێکردنەوەی خەبات بە شێوازێکی تر و ئەمڕۆیی تر و جددی تر کە بە ناوی "ڕاسان" دەستی پێکردووە و بە ڕاسانی ڕۆژهەڵات ناسراوە دووبارە بەستراوە بە شوێنێکی دیکەی دەناسێنن. هەموو ئەوانە بۆ چەواشە کردنی خەبات و ئاوات و ئارمانەکانی حیزبی دێموکراتە؛ حیزبی دێموکرات لە بڕوا بە هێزی خەڵکەوە خەبات دەکات.

بڕوا بە هێزی خەڵک لایەنی دیکەی بریتییە لە حیزبی دێموکرات لە روئیادا ناژی، لە ئیدەئالە دەست نەکەوتووەکاندا ناژی، لە تێئۆری نێو کتێبەکاندا ناژی، بەڵکوو ئەساسی کردەوە و خەباتی لە ویست و داخوازی خەڵکەوە بەرنامەڕێژی بۆ دەکات، دایدەڕێژێتەوەو خەباتی بۆ دەکات. ویستی خەڵك، داوای خەڵک، بیروبۆچوونی خەڵک، گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا، ئەوانەن ئەو ئەساسەی کە حیزبی دێموکرات لەسەریان سیاسەت دادەڕێژێت ستراتێژی دادەڕێژێت، ئیدەئالێک و تێئۆرییەکی خەیاڵی دانارێژێت کە پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە نەبێت.

بڕوا بە هێزی خەڵک لە لایەنێکی دیکەشەوە بریتییە لەوەیکە بۆ ئەوەی لە خەڵکەوە هێز وەربگرێت خۆی بەسەر خەڵکدا ناسەپێنیت؛ بە هێز و بە چەک و بە خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا ناڕواتە پێش بەڵکوو لە نێو دڵی خەڵکەوە، گوێ لە دڵی خەڵک دەگرێت و لە پێناو ئارمانەکانی خەڵکدا کاردەکات؛ لە باتی خۆسەپاندن بەسەر خەڵکدا گوێ لە دڵی خەڵک دەگرێت.

یەکێکی دیکە لە پاڕامێترەکانی ڕێبازی دێموکرات بریتییە لە ئەخلاق لە سیاسەتدا. زۆرمان بیستووە بۆ پاساوهێنانەوە بە فرت و فێڵ و درۆکردن و چەواشەکارییەکان، دەڵێن سیاسەت دایک و بابی نییە، سیاسەت بریتییە لە درۆکردن، کەسێک کە درۆی زۆرتر بکات وە چاکتری بکات لە سیاسەتدا سەرکەوتووتر دەبێت! حیزبی دێموکرات باوەڕی بە درۆکردن نییە، حیزبی دێموکرات باوەڕی بە ئەخلاق لە سیاسەتدا هەیە. ئەخلاق بریتییە لەو چوارچێوەیەی کە ڕێککەوتنێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی لەسەر دەکرێت؛ ئەخلاق لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە بریتی نییە لە شتێکی پیرۆزی دەستکاری نەکراو کە لە شوێنێکی دیکەوە هێنرابێت بەڵکوو بریتییە لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت و دەبێت بە یاسا، دەبێت بە نۆڕم، دەبێت بە هەنجار. ئەو چوارچێوە سیاسی و یاساییەی کە لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی باسی دەکات و ڕێک دەکەوێت و بەڵێن دەدات وەفادار بێت بەو چوارچێوەیە؛ ئەوە بریتییە لە ئەخلاق لە سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا، لە پێناویشیدا ڕەنگە زۆرجار هەزینەی زۆریشی دابێت بەڵام کە چوارچێوەت نەبوو، کە ئەخلاقی سیاسیت نەبوو، ئاکامەکەی دەبێت بە یان جەریانێکی ئۆپۆرتۆنیست کە هەر ڕۆژەو لە باوەشی کەسێکدا بیت یان لە هاوکێشەکاندا زۆر ئاسان فڕێ دەدرێیت. بەڵام ئەخلاق لە سیاسەتدا ئەساسی مێتۆدی کارکردنی حیزبی دێموکراتە. حیزبی دێموکرات ڕەنگە زۆرجار لەلایەن دوژمنانەوە گوشاری بۆ بێت، هەروەکوو چۆن دەڵێن "شۆڕش باریک دەبێتەوە بەڵام ناپسێت" شۆڕشی حیزبی دێموکراتیش چونکە ئەسڵی ئەخلاق لە سیاسەتی ڕەچاو کردووە و لەگەڵ خەڵکەکەی خۆی و لەگەڵ ئەندام و لایەنگران و کادر و پێشمەرگەی خۆیدا بە ئەخلاقەوە جووڵاوەتەوە ڕەنگە باریک ببێت بەڵام ناپسێت.

یەکێکی دیکە لە فاکتەرە گرینگەکان و مێتۆدە گرنگەکانی سیاسەتی حیزبی دێموکرات بریتییە لە دورکەوتنەوە لە چەق بەستویی و بەرەو پێشوازی داهێنان و ئافراندن ڕۆیشتن؛ حیزبی دێموکرات لە ٧ دەیە لەمەو بەرەوە لە سەختترین قۆناغەکانی مێژوویدا ڕێگایەکی نوێ، ڕێچکەیەکی نوێ کە لەگەڵ نۆڕمە باوەکانی کۆمەڵگا و ناوچەدا جیاوازە دەگرێتە پێش؛ ئەمە ئەساسی سیاسەت و کردەوەی حیزبی دێموکرات و مێتۆدی حیزبی دێموکراتە. لە چەق بەستووی بێزارە و قەت خۆی نابەستێتەوە بەو مێتۆد و کارەی کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بە قازانجی بووبێ و بە قازانجی خەڵک بووبێ؛ بەردەوام بیر لەوە دەکاتەوە کە چی بە قازانجی خەڵکە ئەوە بکاتە مێتۆدی نوێی خەباتەکەی. داهێنان و ئافراندن یەکێک لە پارامێترەکانی دێموکرات بوونە.

لە پێشەوای نەمرەوە تا دوکتوور قاسملوو و دوکتوور شەرەفکەندی و هەزاران شەهیدی دیکەیش کە بەو ڕێگایەدا ڕۆیشتوون و لەو ڕێگایەدا گیانیان بەخت کردووە؛ لە یەکەم بەردەوە لە ٧٢ ساڵ لەمەوبەر کە لە مەهاباد بوونیاتیان ناوە، هەوڵیان دا حیزبێکی ئەمڕۆیی دامەزرێنن. ئەو حیزبە لە یەکەم بەردەوە بوو بە کۆشک و تەلارێکی گەورە و ڕازاوە، قوتابخانەی دێموکرات قوتابخانەیەکی پڕ لە شانازییە، قوتابخانەیەکە کە بە فکرو باوەڕو خوێنی هەزاران شەهید بونیاد نراوە. ئەم قوتابخانەیە تاکەکەنی نێو کۆمەڵگا، ئەو تاکانەی کە خاوەنی هەستو سۆزو دەرکن وەردەگرێت لە نێو خۆیدا باری دێنێت، بەو مێتۆدانەی باسمان کرد، بەو بڕوایانەی کە باسمان کرد، باری دێنێت و پەروەردەی دەکات. تاکی خاوەن هەستو سۆز پەروەردە دەکات و دەیکات بە تاکێکی خاوەن بڕوا و باوەڕی قووڵ بۆ گیان بەخت کردن لە پێناو بەرژەوەندی باڵادا، نرخدان لە پێناو ئارمانەکانی خەڵکدا؛ دەیکات بەو تاکەی کە بڕوای بە گەیشتن بە دوورگەی ئارامی ئازادی بۆ کۆمەڵگاکەی هەیە، دوورگەیەک کە لەوێدا چیدیکە پێویست نەکات نرخی گەورەی وەک گیان بۆ ئازادی بدرێ، بەڵکوو منداڵان بە ئازادی لە دایک بن، بە کولتوری نەتەوەی‌و ئازاد پەروەردە بکرێن، بە ئاشتی بژین و کۆمەڵگا بەرەوپێش بچێت.

مێتۆدێکی دیکەو ئەساسێکی دیکەی کاری حیزبی دێموکرات، شێوازێکی دیکەی کارکردن کە پارامێترێکی گرنگی ناسینی حیزبی دێموکراتە بریتییە لە شۆڕشگێڕی. شۆڕشگێڕبوون بەو مانایەی کە بە گژ کۆی سیستمی زاڵدا دەچێتەوە، سیستمی زاڵی ملهۆڕی ئینکارگەری خەڵک کە ئازادی قبوڵ ناکات. حیزی دێموکرات دەیهەوێ هەموو ئەو سیستمە تێکەوە پێچێت، دەیهەوێ سیستمێکی نوێ لە نێو کۆمەڵگادا و لە نێو وڵاتدا بێنێتە کایەوە کە ئازادی ئینسانەکان نرخی هەبێت، کە ئینسان کەرامەتی پارێزراو بێت؛ شۆڕشگێڕ بوون بەو مانایەی کە لە پێناوی ئەو تێکەوەپێچانی سیستمی زاڵەدا و هاتنە ئارای سیستمێکی نوێدا ئامادەیە نرخ بدات، هەزینە بدات، لە تاک، لە گرووپ و لە حیزب نرخ بدا لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکاندا، لە پێناو ئارمانەکانی گەلدا. ئەو شۆڕشگێڕبوونەی حیزبی دێموکرات شۆڕشگێڕبوونێکە کە لە نێوان ٢ ڕەوتی لاوەکیدا دەتوانین پێناسەی بکەین، ٢ لادان لە شۆڕشگێڕی: یەکەمیان، هەندێک جار چەک لەدەست بوون، نیزامی گەری و بەزۆر خۆبەسەرخەڵکدا سەپاندن کە ڕەنگە بچێتە چوارچێوەی چەتەگەریشەوە، خۆشەریک کردن بەبێ ئەوەیکە لە پێناو ئارمان و ویستەکانی خەباتدا بێ ئەوە شۆڕشگێڕی نییە؛ دووهەمیان، لەو بەریشیەوە بازرگانی کردن بە ئارەقو ڕەنجو ئازاری گەل، ئارەقو ڕەنجو ئازاری پێشمەرگە، ئارەقو ڕەنجو ئازاری تێکۆشەران لە پێناو بەرژەوەندی شەخسیدا. ئەوانە شۆڕشگێڕبوون نییە؛ حیزبی دێموکرات بریتییە لەو حیزبەی کە ڕێبازێکی شۆڕشگێڕانەی بە درێژایی ٧٢ ساڵ هەیە و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، لە پێناو ئارمانەکاندا زۆر جار لە تاک، لە گرووپ و لە حیزبەکەشی مایەی داناوە.

٧٢ ساڵ پێش ئێستا ئەو کاتەی کە حیزبی دێموکرات دامەزرا و دوای چەند مانگ دەسکەوتە گەورەکانی بۆ کورد تۆمار کرد، کۆماری کوردستانی دامەزراند، زۆر سیمبۆڵو هێمای هێنایە نێو کەلتوری شۆڕشو خەباتەوە، تەنیا تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان نەبوون لەو خەباتەدا بەشدار بوون بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی نیشتمانیشەوە ڕووناکبیران، تێکۆشەران، ئەفسەران و خەباتگێڕانی پارچەکانی تریش هاتوون لە مەهابادی ڕووگەی ڕۆژهەڵات بەشداریان تێدا کردووە؛ ئەو کات حیزبی دێموکرات ئەوانەی بە میوان نەدەزانی، ئەوانەی بە خانەخوێ دەزانی و وەک خانەخوێ لەگەڵیان هەڵسوکەوتی کرد و ئەوانیش بە خانووی خۆیانیان دەزانی و لە پێناوی ئەو قوتابخانەیەدا خەباتیان کرد.

ئێستا دوای ٧٢ ساڵ لە باشووری نیشتماندا، لەم قۆناغەدا ئەم بەشە لە نیشتمانەکەمان دەیهەوێ بەرەو دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بڕوا، هەنگاوێکی گەورەی مێژوویی هەڵبگرێ، حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیاندن و وتەکانی خۆیدا پشتیوانی خۆی بۆ ئەم بەشە گەورەیەی نیشتمان دەربڕیوە و لێرەدا وێڕای دوپاتکردنەوەی پشتیوانی حیزبی دێموکرات لەو هەنگاوەیان پێویستە یەک شتی دیکە وەبیر بێنینەوە؛ ڕەنگە ڕێبەران، حیزبو لایەنەکانی ئەم بەشەی نیشتمانەکەمان نیگەرانی هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بن و لە هەڵسووکەوتی سیاسییاندا، لە لێکدانەوەیان و لە هەنگاوەکانیاندا حەسێب بۆ دراوسێیەکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی بکەن؛ ئەوە ڕەنگە لە سیاسەت و حەسیب و کتێبدا شتێکی مەنتەقیو لۆژیکی بێتە بەرچاو بەڵام یەک خاڵی دیکە هەیە کە دەبێ و پێویستە ڕێبەرانی ئەو بەشە لە نیشتمانەکەمان لەبیری نەکەن: ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دڕندە هەڕەشەیان لێدەکات، لە بەرانبەردا ڕۆژهەڵاتی نیشتمان پشتیان دەگرێ، لە ماکۆوە تا ئیلام نەک حیزبو لایەنە سیاسیەکان بەڵکوو خەڵکی ئاسایی نێو کوچەو کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات بە ئاواتەوەن ئەگەر خۆشیان ئێستا نەبوون بە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی سیاسی ئەوا بەشێکی دیکە لە نیشتمان ببێ بە دەوڵەتو سەربەخۆیی خۆی بەدەستبێنی و سەرێک بێت لە نێو سەراندا؛ زۆرجار ئەوەیان سەلماندووە و بە کردەوەش سەلماندویانە، ئەو کاتەی کە لە دوای ئەنفالەکان و کۆڕەوەکانی خەڵکی باشوور بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتن ئەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات بوون کە ماڵی لەگەڵدا بەش کردن، پارووی سەر سفرەکەیان لەگەڵدا دابەش کردن. ئەو کاتەی کە کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی کورد دژی جێگیربوونی فیدراڵی لە عێراقدا هەڵسوکەوتیان دەکردو هەڵوێستیان دەگرت ئەوە لە کوچەو کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بوو کە شایی بۆ دەگێڕا؛ ئێستاش پێویستە باشووری نیشتمان، ڕێبەرانی ئەو بەشە، لە بەرانبەرهەڕەشەو گوڕەشەی کۆماری ئیسلامیدا پشتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵات فەرامۆش نەکەنو بزانن کە نەتەوەکەیان لەو بەشەدا لە پشتیانە. بزانن کە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە ماکۆوە تاکوو ئیلام لە پشتیانن و نەک تەنیا حیزب و لایەنە سیاسیەکان، بەڵکوو هەموو خەڵکی ئاسایی کووچەو کۆڵانەکانی کوردستان پشتی داوای ڕەوای سەربەخۆبوونیان دەگرن.

لەم دۆخەدا کۆماری ئیسلامییەک کە چەند ساڵە لە تەواوی ئاژاوەکانی ناوچەدا تێوەگلاوە، چەندین دەیە ئاژاوە گێڕیو سیاسەتی ئاژاوە گێڕی بردۆتە پێشو ئێستاش بە کردەوە بە هێزی سپای پاسداران و بە یارمەتیدانی هێزە تێرۆریستەکان لە ناوچەدا لە هەموو ئاژاوەگێڕییەکانی ناوچەدا تێوەگلاوە. لە بارودۆخی ئێستادا زۆر ڕوون و ئاشکرا لە بەرچاوی خۆمان دەیبینن کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا بەرەبەرە لێی دەدەن و لەو زەلکاوەی کە خۆی دروستی کردووە ڕۆدەچێ؛ لە ناوخۆشدا شپرزە تر لە جاران بووە، لە بەرانبەر شپرزەیی و ڕۆچونی کۆماری ئیسلامی لە زەلکاوی خۆیدا، ئەوە خەباتی ڕۆژهەڵاتە کە رنگە بە هەڵەو کەمو کورتییەوە بەڵام بە ئیرادەی پتەوەو جیددیتر دە چێتە پێش، ئەویش لەسەر ئەساسی هەمان سیاسەتو بنەماو مێتۆدی کارکردنانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەنگاوەکانی بۆ خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئارمان و ئاواتەکانی گەلدا توندتر و جیددی تر کردووە. ڕاسانی ڕۆژهەڵات قۆناغێکی نوێیە کە بە تێکڕای ئەو مێتۆدو سیاسەتو بیرکردنەوانەی کە ئەزموونی ٧٢ ساڵەی ئەو حیزبە پێکی ناوە کەڵکی لێوەردەگرێت و دەیهەوێ ڕێچکەیەکی نوێی خەبات لە پێناو ڕزگاری نیشتماندا بگرێتەبەر. لێک گرێدانی خەباتی شار و شاخ بریتییە لە بڕوابوون بە هێزی خەڵک، بریتییە لە دەروەستبوون بە ویستەکانی خەڵک، بریتییە لە پێبەند بوون بە ئەخلاق لە سیاسەتدا، بریتییە لە شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات.

٧٢ ساڵە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خەبات دەکات؛ لەم ٧٢ ساڵەدا، لەم زیاتر لەو ٧ دەیە خەبات و تێکۆشانو قوربانیدان و نرخدانی تێکۆشەرانی دێموکرات تەنیا کەسێک دەتوانێ دەرکی پێ بکات کە خۆی ئەو نرخەی دابێت. ئەو نرخانەی کە تێکۆشەرانی دێموکرات داویانە لە گۆ نایەن، بە زمان ناگوترێن: دڵەخورپەکانی ئەندامێکی تەشکیلات ئەو کاتەی کە دەیهەوێ بە دوژمنەکەی بڵێ لە سەختترین بارودۆخی ئەمنیەتیدا، بە هەموو دژوارییە ئەمنیەتییەکان کە جەلادو ملهۆڕو جاشو بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم لە شارو گوندەکانی کوردستان سەپاندویانە دەیهەوێت بڵێت کوانووی شۆڕش هێشتا بەتینە؛ ئەو کاتەی کە تراکتێکی حیزبی بڵاو دەکاتەوە یان لەسەر دیوارێکی کوردستان دروشمێکی شۆڕشگێڕانە دەنووسێت، دڵەخورپەو نیگەرانییەکانو دڵەڕاوکێیەکان، ئەو هەستەی کە ئەو ئەندامەی حیزب لەو کاتەدا هەیەتی لە وتن نایە، ئەو نرخەی کە ئەو کەسە دەیدا لە وتن نایە؛

لێوی تینوی پێشمەرگەیەک کە لە شاخ و دۆڵی کوردستاندا بۆ ئەوەی لە دوژمنەکەی خۆی بشارێتەوە بە چەندین سەعات ڕەنگە چەند ڕۆژ خۆی حەشار بدات بۆ چەندین سەعات ڕێ دەپێوێ تا دەگا بە دڵۆپە ئاوێک، ئارەقی ئەو پێشمەرگەیە، لێوی تینووی ئەو پێشمەرگەیە، ئەو نرخەی کە دەیدا لە گۆ نایەت؛

لاوانی بە هەستوسۆزی کورد کە لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاریدا، لە پێناو گەیشتن بە ئارمانەکانیان پەیوەست بەڕیزی تێکۆشەرانی دێموکرات دەبن، ساڵ لە دوای ساڵ و دەیە بە دوای دەیە ژیانیان لە پێناوی حیزبی دێموکرات و بڕواو ئارمانەکانی خەڵکدا فیدا دەکەن و تەمەنیان پێشکەش بە خەبات دەکەن لە وتن نایەت، بەخشینی ئەو ژیانە و ئەو تەمەنە بە زار ناگوترێ لە گۆ نایە؛

ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات، دڵسۆزانی خەباتی کورد لە پاروو نانی سەر سفرەی ماڵیان دەگێڕنەوە و دەیخەنە سەر داهاتی شۆڕش، ڕەنجو ئازارێک کە ئەوانە دەیچێژن و لەو پاروە نانەی خۆیان دەگێڕنەوە کە شۆڕشی پێ پڕداهات کەن لە وتن نایەت؛

هیواو بڕوای زیندانیانی سیاسی، ئەو تێکۆشەرانەی دێموکرات کە بەدەستی بە کرێگیراوانی ڕێژیم دەسبەسەر کراون و لە چاڵە ڕەشەکاندا زیندانی کراون، لە ژێر ئەشکەنجەی ڕێژیم سوکایەتی بە ئارمانەکانیان، بە باوەڕەکانیان، بە خەباتەکەیان دەکرێت و لە ژێر دڕندانەترین ئەشکەنجەکاندا تەنیا هیوا بە ئازادی و بڕوایان بە درێژەدانی خەبات سوکنایی دڵیان دەدات ئەو نرخە لە گۆ نایەت؛

لە هەمووی گرنگتر خوێنێ کە شەهیدانی ڕێگای ئازادی پیشکەشی دەکەن و بە هەر دڵۆپە خوێنێکیان کە دەڕژێتە سەر خاکی کوردستان داری پڕ لقوپۆی خەبات و تێکۆشانی پێ گەشاوەتر و سەوزتر دەکەن و بە خوێنی شەهیدان باڵا دەکا داری شۆڕشی نیشتمان، ئەو خوێنە لە گۆ نایەت، زمان، قسەکردن و لێدوان ناتوانێ مافی تەواوی ئەو هەزینانە بدات؛

هەموو ئەوانە ئەو نرخانەن کە تیکۆشەرانی دێموکرات داویانە، بە هەزاران شەهید پێشکەش کراوە لە پێناوی ئەوەدا کە ئەو قوتابخانەیە، قوتابخانەی دێموکرات کە بووە بە کۆشکێکی گەورەو ڕازاوە و پڕ لە شانازی کە بە ناوی ڕازاوەی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی ڕازاوەتەوە، نرخێکن کە لە پێناو شۆڕشدا دراون و بە پێداهەڵگوتن یان قسە کردن لە سەریان، ئیمکانی ئەوەی نییە مافی هەموو ئەو شتانە بدرێ؛ تەنیا کارێک کە دەتوانین لە پێناویدا بیکەین دانەواندنی سەری ڕێز لە بەرانبەر هەموو ئەو نرخانە و دانی بەڵێنی وەفاداری بە ڕێگاکەیان و بە ڕێبازەکەیان و بە ئاواتەکانیانە.

لێرەوە وێڕای پیرۆزباییەکی دووبارە لە هەموو ئێوە، لە هەموو ئەو تێکۆشەرانەی دێموکرات کە لە ماوەی٧٢ ساڵدا هەر کامێکیان بە هەر شکڵو شێوازێک ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتێکیان بەو ڕێبازە کردووە، وێڕای سەری ڕێزدانەواندن بۆ هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات، بۆ بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و بە تایبەتی بۆ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، لەلایەن هەمووتانەوە پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ڕێبازەکەیان نوێ دەکەینەوە؛ ئاواتەخوازین ئەو بنەمایانەی حیزبی دێموکراتی لەسەر دامەزراوە و ئەو هەموو نرخە کە بۆی داوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان هەرچی زووتر لە وڵاتەکەمانبەدیێ بێن و بەو دورگە لە ئازادیو ئاشتییە بگەین کە چیدیکە منداڵانی کورد نرخی بۆ نەدەن بەڵکوو وێڕای هەموو نەتەوەکانی دیکە نرخ لە پێناو زیاتر گەشەکردنی کۆمەڵگا بدەن.

سەرکەوتوو بین

# ڕوانگەی تەناهیی کۆماری ئیسلامی و شەڕی نەرم لە دژی کوردستان





ئاگری ئیسماعیل نژاد

## ڕوانگەی تەناهیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

ڕۆژی ٢٧ی پوشپەری ١٣٩٦ ڕۆژنامەی کیهان ، کە لە ڕاستییدا زمانحالی بنەماڵەی خامنەییە، لە وتارێکدا لە ژێر سەردێڕی " همەپرسی موزائیکی را نمی‌پذیریم"؛ وێڕای شرۆڤە لەسەر گشتپرسی سێی ڕەزبەری ١٣٩٦ کە بڕیارە لە باشووری کوردستان بەڕێوە بچێت، چەند ڕوانگەیەکی ئەمنی نێوخۆیی ڕێژیمی لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستان ئاشکرا کرد، ئەگەر بمانەوێت بەپێی کۆی ئەو قسە و بابەتگەلەی لە زاری بەرپرسانی ڕێژیم یان ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیم لەسەر کوردستان بڵاودەبێتەوە، ڕوانگەی تەناهی ڕێژیم لە سەر کوردستان گردکۆ بکەین دەکرێت بڵێین: لە دوو ئاستدا ڕێژیم ڕوانگەی درێژخایەنی تەناهی لە سەر کوردستان هەیە:

**١:** ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک بەشێک لە جوغرافیای ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، خاڵی لاوازی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییە، بە دوو هۆکاری سەرەکی:

**ئـا:** کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر نەیتوانیوە و ناتوانێت، سیاسەتی تۆتالیتێری کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی خۆی لە کوردستان دابەزێنێ و ناچارە بەردەوام لە کوردستان سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی خۆی کورت ببڕێتەوە.

**بـێ:** لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لانیکەم لە ٩٢ ساڵی ڕابردوودا و پاش سەرهەڵدانی بیر و هەوڵی دەوڵەت_نەتەوە، لە چوارچێوەی جوگرافیای ئێراندا بەردەوام ڕەوتێکی شۆڕشگێڕ هەبووە و هەیە، ئاراستەی ئەو ڕەوتە داکۆکیکردن لە مافی نەتەوەی کوردە، کە بە دیوێکی تریدا دەبێتە بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ پڕۆژەی نەتەوە_دەوڵەتی، نەتەوەی فارس.

**٢:** پرسی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە دوو هۆکار خاڵی لاوازی سەر تەناهیی کۆماری ئیسلامییە:

ئا: پرسی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەسەر بناغەی بەشداری هاوشان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات دامەزراوە، دیوێکی ئەو باسە واتە پرسی کورد لە نێوەرۆکی خۆیدا دەستەبەری دێمۆکراسی دەکات و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش دێمۆکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بە مەترسی لەسەر کیانی سیاسی خۆی دەزانێت.

**بـێ:** بێگومان هەر چەشنە پێشوەچوونێک لە پرسی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان ڕاستەوخۆ کارتێکەری لەسەر پرسی کوردی ڕۆژهەڵات دادەنێت و دەکرێت وەک پشتیوان و تەنانەت هێزێکی دنەدەری بزاڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەیری بکرێت.

کاتێک ڕوانگەی تەناهیی کۆماری ئیسلامی لەسەر پرسی کورد، لەگەڵ قەیرانی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست (کوردستان وەک تەنیا ناوەندی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە خاوەنی ئاوە) و ستراتێژی هیلال یان پشتوێنەی شێعە هاوکات دەبێت، کۆی ئەو باسانە دەبن بە هۆکارگەلێک کە شرۆڤەکارانی بنەماڵەی خامنەییە بڵێن:"باکووری ڕۆژئاوای وڵات، بۆ چل ساڵی داهاتوو خاڵی لاوازی تەناهی ئێمەیە" .

کەوایە لە ستراتێژی تەناهیی ڕێژیمدا، کوردستان مەترسی گەورەیە بۆ سەر، شێوەی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی، پرۆژەی نەتەوە_دەوڵەتی فارس، قووڵبوونەوەی قەیرانی ئاو لە ئێران و ستراتێژی پشتوێنەی شێعە لە ناوچەکەدا کە خەونی هاوبەشی ناسیونالیزمی فارسی و شێعەگەری ئێرانییە، هەر بۆیەش شرۆڤەکارەکەی سپا و بنەماڵەی خامنەیی بە سیلە دەڵێن ٤٠ ساڵی داهاتوو ٤٠ ساڵی ڕووبەڕووبونەوەی کوردستان لەگەڵ دەزگا ئەمنی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

**بەشی دووهەم:**

## شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان

ئەگەر پێناسەی تەناهی بەخشین بە کۆی ڕووداوەکانی کوردستان چ لە ئاستی ڕۆژهەڵات و چ لە ئاستی دەرەوەی ڕۆژهەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، لە تەنیشت باسێک بەناوی" شەڕی نەرم" دابندرێت، بە ڕوونی بۆمان ئاشکرا دەبێت کە بەستێن و بوارەکانی ڕووبەڕووبونەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کوردستان تەنیا چەک و سەرکوتی ڕەق نییە، بەڵکوو لە بواری تر و بەستێنی جیاوازدا ئەو سەرکوت و دژایەتی کردنە خۆی دەگۆڕێ و بەپێی مەبەست بەڵام لە پێناو یەک ئاکامدا و بە شێوازی جیاواز کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە وەک ڕێژیمێکی تۆتالیتێر و بە تەواوی باڵ و لایەنەی سیاسی و دەسەڵات و توانایی مرۆڤی و ئابوورییەوە، دەکرێت، بەچەقی خۆتاقیکردنەوەی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم، هەم وەک سەرکوتی ڕەق و هەم وەک سەرکوت و شەڕی نەرم ڕێژیم هەوڵ بۆ داپڵۆسین و لەنێوبردنی کوردستان دەدات.

لێرەدا هەر وەک ئاماژە، بۆ ڕوونبوونەوەی بەشێک لە شەڕی نەرمی ڕێژیم لە دژی کوردستان دەکرێت، باس لە "ئەرتەشی سایبێری" کۆماری ئیسلامی بکەین ، دیارە ستراتێژی یەکەمی ئەو "ئەرتەش"ە تێکدان و هێرش کردنە سەر بنیاتە کۆمپیوتێرییەکانی وڵاتانی جیهانە، و بەپێی ڕاگەیاندنی خۆیان هەتا ئێستا چەندین هێرشیان کردۆتە سەر بنیات و دامەزراوە کۆمپیوتێرییەکانی وڵاتانی جیهان کە لەوانە دەکرێت، هێرش بۆ سەر ماڵپەری تویتێر ، هەک کردنی ماڵپەری بەناوبانگی بایدۆ کە گەورەترین پشکێنەری ئینتێرنێتی وڵاتی چینە و... ناو بێنین.

ستراتێژی دووهەم کە "ئەرتەشی سایبێری ئێران"، پێڕەوی دەکات هێرش کردنە سەر بنیاتە کامپیوتێری و ئینتێرنێتییەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانە و ڕەنگە خاڵی جێگای ئاماژە لێرەدا ئەوە بێت، کە ڕاگەیاندنی ناوی "ئەرتەشی سایبێری ئێران"، هاوکات بوو لەگەڵ ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٨٨، ئەوەش لە کاتێکدابوو کە پێشتر و لە ساڵی ١٣٨٤وە ئەو "ئەرتەشە" بە نهێنی لەلایەن سپای پاسدارانەوە دامەزرابوو.

لە بواری بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیون یەکێک لە ئۆرگانەکانی ئەو "ئەرتەشە" ، "ڕێکخراوی ئاراستەکردنی زانیاریی"ە، ڕوونە لە سەردەمی زانیاریدا ، لەگەڵ ئەوەیکە سەرچاوە بۆ وەرگرتنی زانیاری یەکجار زۆرە ، بەڵام هەر زۆربوونی ئەو سەرچاوانە و ڕێژەی ئەو زانیارییانە وای کردووە، جۆرێک ئاڵۆزی زانیاری بخوڵقێت ، بەومانایە کە زۆری سەرچاوە نەبۆتە هۆی ئەوەیکە ئاستی درووستی زانیاری بچێتە سەرێ و بەرچاوڕوونی زیاد بکات، بەڵکوو زیاتر بۆتە هۆی ئەوەیکە گومان و دوودڵی لە نێو بەردەنگدا زیاد بکات، بە جۆرێک کە لە باتی ڕوونبوونەوەی ڕووداو و بابەتەکانی زیاتر ئاراستەی ڕووداوەکان بەرو لێڵی و ناڕوونی ڕۆییوە و لەم نێوانەدا ڕێژیم ئەو تایبەتمەندییەی "سەردەمی زانیاری" کە بەردەنگ بەرەوڕووی "کەڵەکەبوونی" زانیاریی و ڕووداوەکان دەکات، وەک ئامێرێک بۆ دژایەتی فەلسەفەی بوونی زانیاری بەکار دێنێت.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتر دەبێت بڵێین بەردەنگ بێ دڵخوازی خۆی و تەنانەت لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە ڕێژەی ئەو زمانانەی کە شارەزایی تێدا هەیە، یەک یان دوو زمان بێت، بەڵام چونکە تایبەتمەندی "سەردەمی زانیاری" ئەوەیە کە زانیاری سنوورە جوغرافیایی و زمانییەکان دەبڕێ، لێرەدا بەردەنگ تووشی کەڵەکەبوونی زانیاری دەبێت و بێ ئەوەی خۆی خوازیاری بێت ، ئەو کەڵەکەبوونەش دەرفەتی ئەوە دەخوڵقێنێ کە لە دەرەوەی ئیرادەی بەردەنگ زانیاری هەڵە و جۆراجۆر و تەنانەت ناپێویست دەرخواردی بدرێت؛ بەو شێوەیە کە دەکرێت بڵێین زانیاری هرووژم بۆ بەردەنگ دێنێ.

هرووژمی زانیاری و کەڵەکە بوونی زانیاری وای کردووە کە بەردەنگ زۆر خۆی بە زانیارییەوە ماندوو نەکات، یان باشترە بڵێم دەرەقەتی ئەوە نەیەت کە بزانێ کام زانیاری ڕاستە و کامەیان هەڵەیە و ئەوەش بۆ ڕێژیمی وەک کۆماری ئیسلامی دەرفەتی خوڵقاندووە، کە لە ڕێگای "ڕێکخراوەگەلی وەک "ئاراستەکردنی زانیاریی" بەردەنگی کۆمەڵگای ئێران تووشی "دیاردەی هرووژمی زانیاری" بکات.

دیاردەی هرووژمی زانیاری ڕێک بەپێچەوانەی سانسۆڕ و بڕینی زانیارییە، لە هرووژمی زانیاریدا بەردەنگ تووشی ڕێژەیەکی زۆری زانیاری دێت ، ئەوە هەم جۆرێک کەڵەکە بوونی زانیارییە و هەمیش بەلێشاوبوونی زانیارییە بەو مانایە کە ڕێژەیەکی زۆر لەو زانیارییەی دەگاتە دەست بەردەنگ هیچ پێویستی نییە و زانین و نەزانینی هیچ کارتێکەرییەکی لەسەر ژیانی نییە، بەڵام ئەو دو دیاردەیە واتە کەڵەکەبوونی زانیاری و بەلێشاوی زانیاری وا دەکات کە بەردەنگ تووشی دوو بابەت دەبێت:

**یەکـەم:** زانیاری پێویست لە نێوزانیاریی ناپێویستدا ون بێت.

دووهەم: تێکەڵبوونی سنووری زانیاریی دروست و نادرووست روو دەدا و بەردەنگ بە ئاسانی ناتوانێ سنووری نێوان ڕاست و درۆ لێک کاتەوە و بۆ لێک کردنەوەی ئەو سنوورە پێویستی بە شارەزایی زۆر هەیە، بۆیەش ئاستی ناڕوونی زیاد دەکات و بەردەنگ تووشی گومان و دوودڵی دەبێت.

کۆی ئەو بابەتە وادەکات کە کۆمەڵگا هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتی و هەم لە ئاستی تاک وەک بەردەنگ یان بەسەر زانیاریدا تێپەڕێت بەو مانایەی کە زانیاری و ڕووداوەکان کارتێکەری دەروونی لەسەر نەکات و نەبێتە هۆی ئەوە هەڵوێستی ئاراستەدار بکات، یان ئەوەی لە نێوان گومان و دڵنیاییدا بمێنێتەوە و باوەری بە زانیاری نەمێنێ؛ کە هەردووک حاڵەت دەبێتە هۆی ئەوەی لە کۆمەڵگادا "ڕای گشتی" سازنەبێت، یان ئەگەریش سازبوو لە کاتی خۆیدا نەتوانێ هەڵوێست بگرێت؛ بەو شێوەیە کۆمەڵگا تووشی جۆرێک لە شەق بوون و لێک جیابوون و هەڵاوارن و ناکۆکی دەبێت. دیارە ئامانجی سەرەکی "ڕێکخراوەی ئاراستەکردنی زانیاریش" ڕێک ئەوەیە کە کۆمەڵگا تووشی قەیران و لێکدابڕان و ناکۆکی بکات و بەر بەوەبگرێت کە ڕای گشتی لەسەر بابەتێک مکوڕ بێت.

## ◆ کۆتایی

لە ئێستادا ئەگەر بابەتی ڕوانگەی تەناهیی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوردستان و شەڕی نەرم بەتایبەتی دیاردەی هرووژمی زانیاری و داسەپاندنی زانیاری بۆ سەر بەردەنگ لە شەڕی نەرمدا، لەبەر چاو بگرین؛ دەکرێت بڵێین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی یەکێ لەو چەکانەی لە دژی کوردستان بەکاری دەهێندرێ، هرووژم و داسەپاندنی زانیارییە، بەهۆی ئەوەی ڕوانگەی تەناهیی ڕێژیم لەسەر کوردستان ڕوانگەیەکی ستراتێژییە، بۆیەش شەڕی نەرمی ڕێژیم لە دژی کوردستان شەڕێکی ستراتێژییە و هرووژم و داسەپاندنی زانیاری بۆ سەرتاکی کورد و لە کۆمەڵگای کوردستاندا جۆرێکی بەرگ و بەربەرینە ، بەو مانایەی کە ڕێژیم بۆ سەرخستنی ئامانجەکانی خۆی زۆر دەربەستی کات و تەنانەت شێواز نییە، بەڵکوو زیاتر دەیهەوێت، ئەو زانیارییەی کە پێویستێتی جێگیری بکات، بۆ وێنە لەرێگای کەسانی وەک عیرفان قانعی فەرد ،هۆشەنگی تاڵع و پیمانی حەریقی .... ، دەیهەوێت ئاڕاستەی مێژوو و ڕووداوەکانی ڕابردووی کوردستان بگۆڕێ، لێرەدا خاڵی گرینگی مەبەست ئەوەیە کە ڕێژیم ئاراستەی مێژووی کوردستان ناگۆڕێت بۆ ئەوەی مێژوو بشێوێنێ، بەڵکوو ئاراستەی مێژوویی دەگۆڕێت بۆ ئەوەی ئێستا و داهاتوو لەسەر بناغەی مێژوویەکی پڕ لە ناڕاستی لێکداتەوە و هاوکات پێوەندی ئێستا و ڕابردوو لێک هەڵپچرێت؛ هەر بۆیەش لە داسەپاندنی زانیاری بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا، نە پێبەندی شێوازێکی تایبەتە و نە زۆریش کاتی بەلاوە گرینگە، ئەگەر سەیری کتێبەکانی هۆشەنگی تالع و قانعی فەردیش بکەین ڕەنگە لە ڕواڵەتی خۆیدا پێچەوانەی یەک بن و یەکتری ڕەت بکەنەوە، بەڵام بە نێوەڕۆک یەک ئامانج و یەک ئاکامیان هەیە و حاسل و دەرهاوێشتەی یەک ژووری فکرن.

بەکارهێنانی هرووژمی زانیاری و داسەپاندنی زانیاری لە کوردستان وەک چەکێک و هەروەها مێتۆدەکانی تری شەڕی نەرم، وای کردووە ڕێژیم، کۆمەڵگای کوردستانی لەگەڵ دوو قەیرانی گەورە ڕووبەڕوو کرۆتەوە:

**یەکەم:** سنووری نێوان ڕەخنە و خیانەت پاک بۆتەوە، پاک بوونەوەی سنووری نێوان ڕەخنە و خیانەت نەتەنیا کۆمەڵگای کوردستانی لەیەک دردۆنگ کردووە، بەڵکوو دۆخێکی خوڵقاندووە کە بەشێکی زۆر لە لێهاتوو و لێزانانی کوردستان بەناچار و بۆ ئەوەی قسەکەیان نەکرێتە بیانوو بۆ هێرش کردنە سەر جوگمە و کۆڵەکەی شۆڕش و کۆمەڵگای کوردستان بێدەنگیان هەڵبژاردووە و بەشێکی تریان بەو دیوی سەربانەکەدا بەربوونەوە و زۆر جار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ هێرش دەکەنە سەر دابەشکاری "جاش و باش" ، فەلسەفە و بوونی ئەو دابەشکارییە دەبەنە ژێرپرسیارەوە، کە ئەو کارەش لە ناخی خۆیدا زیاتر دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕەپان بۆ کەسانی سەربە ڕێژیم ئاوەڵا بێت، نەک ئەوەی دەرفەت بۆ ڕەخنەگرانی کوردستان بەرین بێتەوە.

**دووهەم:** لە ئاستی لایەنگر و ئەندامی حیزبەکانی کوردستان دەکرێت، بڵێین ژمارەیەک لە لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکانی کوردستان تووشی جۆرێک تووڕەیی نابەجێ بوون کە ئەو تووڕەییە کارتێکەری لەسەر ڕواڵەتی گشتیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان داناوە و ئەو ڕواڵەتەی لە کۆمەڵگادا بەرەو ناشیرینی دەبا.

لە کۆتایی‌دا دەبێت بڵێم شەڕی نەرمی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردستان هەڵقوڵاوە لە ستراتێژی تەناهی ئەو ڕێژیمە و مێتۆدێکی ستراتێژی سەرکوتە و بەردەنگیشی کۆی کۆمەڵگای کوردستانە.

ئامانجی شەڕی نەرمی ڕێژیم مان و نەمانی کۆمەڵگای کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوەیەتی ئەوان مان و نەمانی ئێمە لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوویان کردووەتە ئامانج و دەیانهەوێت یان بمانسڕنەوە یان ئەوەی کۆمەڵگایەکی دڵخوازی خۆیانمان تێدا بەدی بێنن، بۆیەش بۆ بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ ئەو شەڕە دەبێت نەک هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەڵکوو کەسایەتی و ئەو بەشەی لە چالاکانیش کە خۆیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەیەکی تایبەتدا نابیننەوە ، ئەوانیش بۆ بەرەوڕووبونەوە لەگەڵ شەڕی نەرمی ڕێژیم قۆڵ هەڵکەن و هاوکات لە بەرەیەک پێکەوە لە دژی ڕاوەستن.

# بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان و بەستێنی ناڵەباری ئێران

ن: جەماڵ فەتحی

بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان کە پاش شۆڕشی پیشەیی لە ساڵەکانی ١٩٦٠ زایینی بەملاوە سەریان هەڵداوە و بەرەو بوارە سیاسی و فەرهەنگییەکانیش شۆڕ بوونەتەوە، بەپێی ئەو پێناسە نوێیانە کە بۆ ئەم بزاڤانە کراوە، بزاڤی ژنان، ماڤی مرۆڤ و ژینگەپارێزی لە خۆ دەگرن، چونکە بە دەربڕینی باوەڕ و بۆچوون و کاریگەرییان لە سەر مرۆڤ، سروشت و ژیانی کۆمەڵایەتی دەبنە جۆراوجۆرەکان دەدات. هەر بەم بۆنەوە هەواڵەکان بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر بە دەستی تاکی کۆمەڵگا دەگات و وا دەکات هەر تاکێک ببێتە کاراکتەر و توێژەرێکی سیاسیی سەربەخۆ، کە بتوانێت لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەورێکی بەرچاو لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بگێڕێت. ئەگەر دەسەڵاتە تاکرەوەکان لە هەموو کەرەستەیەکی پێشکەوتوو بۆ بەردەوامی هێز و هەیبەتی خۆیان کەڵک وەر دەگرن، هەر ئەو کەرەستانە لە فورمێکی مەدەنییانە لە بەر دەست ئەگەرێکی نەخوازراو دەگرن، بەڵام لە هەمبەردا وڵاتانی بندەستی دیکتاتۆرەکان ئەو تێچووەی کە دەبێت لە ڕێگای ئاوەدانی و خزمەتگوزاری کۆمەڵگا بەکار بهێنرێت؛ لە ڕێگای نیزامییەوە بە کار دەچێت کە جگە لە دواکەوتووی و ناڵەبارتر کردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا هیچ دەسکەوتێکی نییە.

یەکێک لە ڕەهەندەکانی بزاڤی کۆمەڵایەتیی کە هەم لە بزاڤی ژنان و هەم لە بزاڤی ژینگەش گشتگیرترە و خەباتەکەی هەموو کۆمەڵگا دەگرێتەوە، بزاڤی مافی مرۆڤە کە یەکێک لەو وڵاتانە کە بە هۆی زاڵبوونی دەسەڵاتێکی تاکڕەو و یەک ڕەهەند، ڕێگای نادرێت فەرهەنگێکی گشتگیر کە فەرهەنگە تاکەکان لە خۆیدا بتوێنێتەوە، گەشە بکات و ئەگەریش جاروبار لە چوارچێوەی نارەزایەتییەک ئەو پرسانە بخرێنە لە کۆمەڵگا بێتە بەر باس خێرا لە لایەن سیستمی دەسەڵاتەوە بە شێوازگەلێکی جیاواز سەرکوت دەکرێت، یان هەوڵ دەدەن نارەزایەتییەکان هێندە پەرە نەستێنێ هەتا ببنە بزاڤێکی گشتگیر و هەمە لایەنە، یان ئەوەی لە چوارچێوەیەکی



هۆی گەشە سەندنی شوناسییەکی گشتگیر و بەربڵاو. گەشەی ئەم بوارە، کولتوورێکی لێکچوو لە بنەمای ڕاگەیندراوەکان و کولتووری کۆمەڵگا پێک دێنێت، کە شوناسە تاکەکەسی و چینایەتییەکان تووشی قەیران دەکات.

بە هۆی خێرایی گواستنەوەی زانیارییەکان و گەشە کردنی ڕاگەیاندن، ئەم بزاڤانە سەرانسەری کۆمەڵگاکانی تەنیوە و مزگێنی نموونەیەکی نوێی لە چالاکی، بەشداری کردن و ململانێی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی ژیانی سیاسیی بە کۆمەڵگا چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگاش دایە، تەنیا گارانتی مانەوەی ئەوان لە سەر دەسەڵات کەرەستەی چەک و هێزی نیزامییە کە هەمیشە لە بەرانبەر پتانسیل و هێزی شاراوەی خەڵک بە چۆک داهاتووە.

لە وڵاتانەی پێشکەوتوو بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەیان بە پشتیوانی هێزی کۆمەڵگا گارانتی بکەن، هەموو ئەو مافانەی کە لە بزاڤە کۆمەڵایەتییە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ویست و پرسی سەرەکین، لە چوارچێوەی یاسا و دەستووری بنەڕەتی خۆیان دەیگونجێنن و پێش بە قەیرانی کردنی دۆخی سیاسی و هەر هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو و تەنانەت ژینگەش دەگرێتەوە. خەبات لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ خەباتێکە کە ڕەگەز ناناسێت و هەر دوو ڕەگەزی ژن و پیاو لە بازنەی خۆی دەبینێت. لە ڕوانگەی ژینگەوە بەو لێکدانەوە دەکرێت لە چوارچێوەی مافی مرۆڤ بێت کە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا بە ژینگەیەکی خاوێن و تێکنەدراوەوە، بەستراوە. کە وایە ئەگەر بزاڤەکانی مافی مرۆڤ لە کۆمەڵگا بتوانێت ویستەکانی خۆی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی دەسەڵات و دەوڵەت بگونجێنێت، مافی ژنان و ژینگەش دەستەبەر کراوە. بەرتەسک دەیانهێڵنەوە کە مەترسی وەها بۆ سەر ئەوان دروست نەکەن؛ بەڵام هێندێ جار بە هۆکاری جیاواز ئەو چالاکییانە پەرە دەستێنن و سەرەنجی کۆمەڵگا بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن، لەم حاڵەتدا دەسەڵات ناوەند بە پیلانی سونەتییەکانی خۆی وەکوو (نۆکەری بێگانە، شەڕ لەگەڵ خودا، جیاوازیخواز) دکۆمێنتێک بۆ مەحکووم کردنی ئەم ڕەوتانە دەگرێت، بەسەرهاتی هەموو چالاکییە نەرم و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران و وڵاتانی لەم چەشنەدا بەمجۆرە کۆتایی پێ دێت.

# ئێران وڵاتی نەخۆشی و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکان

ن: هیوا میرزایی

ڕەوتی ئیسلامی و ئیسلامییەکان لە ئێران بە بەڵێنی کۆمەڵگای نموونە و بژێوی ژیانی گونجاو و بەرزکردنەوەی مەعنەویاتی خەڵك دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی بەڕێوەبەری و دەسەڵاتیان لە ئێران خستە پاوانی خۆیانەوە و هەر لەو ڕۆژەوە چیرۆکی نەهامەتی و ماڵوێرانی دەستی پێکرد، ئەوان بە جێگەی ئەوەی کەڵك لە زانست و هزر بگرن بۆ بەڕێوەبەری وڵات، پشتیان بە دوعا و نزا بەست و "خورافە" و "خورافە"بێژیان کردە مێتۆدی باو لە کۆمەڵگا و هەر ئەمە وایکرد کە ئێستا دوای نزیك بە ٤٠ ساڵ کۆمەڵگای ئێران سەرەڕای قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان تووشی دەیان دیاردەی دزێو و نەخۆشی کۆمەڵایەتی ببێت.

یەکێك لەم دیاردە کۆمەڵایەتییانە، گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکانە کە وایکردووە ئێران پلەی یەکەمی هەبێ لەم بوارەدا و وەك دیارە گیرۆدەبوون بە ماددە سڕکەرەکان خۆی بەستێن بۆ سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی دزێوی دیکەی کۆمەڵایەتی خۆش دەکا وەك دزی، تەلاق، بێکاری، لەشفرۆشی و ... .

ئاوڕدانەوەیەك لە دۆخی بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان و جۆر و شێوازی بەکارهێنان و بەکارهێنەرانی مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان ئەکا، هەرچەند لە ئێراندا ناوەندێکی غەیرەدەوڵەتی بوونی نییە کە ڕێژەی بەکارهێنەران بە جوانی دەستنیشان بکا بەڵام گەر ناوەندە حکوومەتییەکانیش بکەینە سەرچاوەی ئاوڕدانەوە لەم دۆخەی ئێستا دەبینین کە، بەپێی قسەی وتەبێژی ستادی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ماددە سڕکەرەکان لە ئێراندا نزیك ٢ میلیۆن و ٩٠٨ هەزار گیرۆدەبوو بە ماددە سڕکەرەکان هەیە و ئەم ئامارە بە بەراورد لەگەڵ ٥ ساڵی ڕابردووی خۆی ٢ بەرانبەر زیادی کردووە و نیشاندەری ئەوەیە کە هیچ ڕێکارێکی زانستی و یاسایی نییە کە پێش بەم قەیرانە کۆمەڵایەتییە بگرێ.

بەکارهێنانی ڕۆژانەی ١ تۆن و نیو ماددەی سڕکەر لە ئێراندا و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی بەکارهێنانی ماددەسڕکەرەکان و دابەزینی تەمەنی بەکارهێنەران بۆ ١٤ ساڵ و دروستکردنی ماددە پیشەییە مەترسیدارەکان لە جێگای ماددە سونەتییەکان و کڕین و فرۆشی بێ‌سنوور و ڕێگەپێدراو لەلایەن ڕێژیمەوە دەتوانێ کەمێك قەیراناوی بوونی ئەم پرسە ڕوونتر بکاتەوە و زیاتر لە جاران نیەت و بەرنامەی کاربەدەستانی ڕێژیم نیشان بدا کە لە هەوڵی ئەوەدان کە هەروەك چۆن بۆ دیفاع لە نیزام و دروستکردنی پەرژینێك بۆ خۆیان شەڕیان کێشاوەتە وڵاتانی دراوسێ وەك سووریە و عێراق و یەمەن و ... دەیانهەوێ کۆمەڵگایەکی نەخۆش بونیاد بنێن کە توانای بەرەنگاربوونەوە و داواکاری مافە سروشتی و ئینسانییەکانی خۆی نەبێ و ئەمان بتوانن ئازادانە درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن و جارناجارێکیش بۆ فریودانی خەڵك و کۆمەڵگای جیهانی بە سووتاندنی هێندێك ماددەی سڕکەر وانیشان بدەن کە ئەمان دەیانهەوێ بەرەنگاری بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان ببنەوە و لەم دواییانەیشدا بەهێنانە بەرباسی گەڵاڵەیەك دەیانهەوێ ئاوات و ئارەزووەکانی ئیمامی کۆچکردوویان بەجێ بگەیێنن و لە جێگای نەوت، تریاك بهێننە سەر سفرەی خەڵك و بەم شێوازە کونترۆڵیان هەبێ بەسەر قەیرانی ماددەسڕکەرەکان لە ئێراندا بەڵام لەڕاستیدا دەیانهەوێ مافیای ماددەسڕکەرەکان زیاتر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و قازانجی زیاتریان هەبێ لە هاوردە و هەناردەکردنی ماددەسڕکەرەکاندا.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەداخەوە لەم سیاسەتە بەدوور نەبووە و ڕەنگە پتر لە بەشەکانی دیکەیش بە هۆی ویستێکی ئازادیخوازی و شۆڕشگێری تەکووزی کاربەدەستانی ڕێژیمی لەسەربووە و بەشێوەی سیستماتیك و بەرنامەداڕێژراو کار لەسەر پەرەدان بە گیرۆدەکردنی لاوان کراوە و تەنانەت بەپێی قسەی زۆریەك لە گیرۆدەبووان ئەم کەسانە زۆرجار لە زیندانەکان و لە ڕێگەی مۆرە و کەسەکانی ڕێژیمەوە تووشی ماددە سڕکەرەکان بوون و هەروەها بوونی دەیان ئاشپەزخانەی بەرهەمهێنەری ماددەسڕکەرەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاری دام و دەزگاکانی ڕێژیم نیشاندەری هەوڵی ڕێژیمە بۆ بەگیرۆدەکردنی زیاتری خەڵك و ئەنفالی سپی لە ڕۆژهەڵات کە ساڵانێکی زۆرە سیاسەتەکەی بۆ داڕێژراوە و بەڕێوەدەچێ.

# کۆڵبەری لە نێوان کێشە و پیشەدا



ن: عەبدوڵڵا ڕەسووڵی

ئەمڕۆ کۆڵبەری لە خۆرهەڵاتی کوردستان بووەتە دیاردەیەکی تایبەت و نموونەی لە هیچ شوێنێکی دیکەی ئەم جیهانەدا نابیندرێتەوە. ئەمەش تەنیا ئەوەمان پێدەڵێت کە بەس لەم ساتە مێژووییەدا لەم چەشنە کارانە هەیە، بەڵکوو چەندەش بمانەوێت مێژوو شەنوکەو بکەین ناتوانین نموونەیەکی مێژوویی لەو چەشنە ببینینەوە. بەهۆی ئەوەیکە کۆڵبەری دیاردەیەکی تایبەتە لە شوێنێکی جوگرافیایی و حاڵەتێکی بێوێنەیە و لە نێوان کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پیشە و کاردا بووەتە بەرداشی نێوان دوو ئاش.

لەلایەکەوە حکوومەتی ئێران و لایەنە بەرپرسەکان هەوڵ دەدەن بە شێوازی جۆراوجۆر ئەم دیاردە کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لە پێستی ڕاستەقینەی خۆی دەربێنن و بە شێوازی یاسایی و مۆڵەتدار و گرتنەبەری هەزاران ڕێوشوێنی دیکە کێشەی کۆڵبەری وەك پیشەیەك پیشان بدەن. لەم ڕوانگەوە کۆڵبەری دەبێتە پیشەیەك وەکوو هەزاران پیشەی دیکە لە نێو کۆمەڵگادا و بەم شێوە هۆکارەکان و ناوەڕۆکەکەی بەتەواوی دەستکاری دەکرێت و مانای ڕاستەقینەی خۆی لەدەست دەدات. ئەمەش لەوێدا بەدەر دەکەوێت کە حکوومەت کارتی کۆڵبەری بە کۆڵبەران دەدات و ڕێگایان پێدەدات ئەو کارە بکەن.

هەڵبەت لێرەدا پێویستە دژیەکییەك کە لە نێو ئەم کارەدا بوونی هەیە ڕوون بکەینەوە؛ ئەم دژیەکییەش لەوێدا بەدەر دەکەوێت کە ئەگەر کۆڵبەری پیشەیە بۆچی لە ڕێگای یاسایی و سنووری یاساییەوە ئەنجام نادرێت و پێویستە کۆڵبەران ڕێگای نایاسایی بگرنە بەر بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان؟ ئایا کاتێك پیشەیەك لە وڵاتێك ڕێگای پێدەدرێ کە بوونی هەبێت بۆ نابێ سوود لە ڕێگا ڕەسمییەکان وەربگرێت؟

لە ڕاستیدا خوێندنەوەی دیاردەی کۆڵبەری لە خۆرهەڵاتی کوردستان ناکرێت وەکوو پیشەیەکی ئابووری و بازرگانی سەیر بکرێت. لەبەرئەوەیکە جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم دیاردە لەوێدا بەدەر دەکەوێت کە ئەم دیاردە خۆی دەرئەنجامی کێشەگەلێکی دیکەیە و دیسان خۆی بووەتەوە بە کێشەیەکی گەورەتر، بەو مانایە کە بەهۆی قەیرانی ئابووری لە ئێران و بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری و هەروەها دواخستنی ئاستی ئابووریی کوردستان لە ئاست ناوچەکانی دیکە و پێداویستی سروشتی دانیشتوان بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانیان و بوونی گواستنەوەی کەلوپەلگەلێك کە بەپێی یاسا قاچاغ و پێویستی خەڵکن، تێکڕا بوونەتە هۆی ئەوەیکە کێشەی کۆڵبەری لە کوردستان سەرهەڵبدات.

خودی کۆڵبەریش وەکوو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بووەتە هۆی ئەوەی دیسان کێشەی دیکەی کۆمەڵایەتی دروست ببێت. بەو مانایە کە کاتێك حکوومەت ڕێگا نادات و ڕێگا لە کۆڵبەران دەگرێت و تەقەیان لێ دەکات و دەیانکوژێت یا خود زیانی مادییان پێ دەگەینێت. ئەوە ئاستی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش بەرز دەکاتەوە و لەڕاستیدا حاڵەتێك لە کۆمەڵگا دروست دەکات کە هەموو کێشەکان پەیوەندییەکی هاوبەندی و ئۆرگانیکیان پێکەوە پەیدا کردووە.

لێرەدا پێویستە ئەوەش بزانین کە حکوومەت بە هەوڵدانی بۆ بە پیشەناساندنی کۆڵبەری و ڕەتکردنەوەی وەك کێشەیەك هەوڵ دەدات ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە بە مانایەك چارەسەر و لە ئاستی سیاسیش کەڵکی لێ وەربگرێت. مانای کەڵك وەرگرتنی ئاستی سیاسی بەو مانایە کە بە یاسایی کردنی کۆڵبەری دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئاستی بێکاری لە ناوچەکە؛ بۆیە حکوومەت ئەمە وەکوو خزمەتکردن لە ئاست خەڵك بەکار دێنێت.

بەڵام لە ئەنجامدا و لەو دەرکەوتانەی کە لە کۆڵبەری دەیبینین ئەوا تا ئێستا کۆڵبەری بە شێوەی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری گەشە دەکات و لە ڕاستیدا هیچ هەوڵێك و لە ژێر هیچ چەترێکدا نەیتوانیوە ئەو دیاردەیە بگۆڕێت. بۆیە پێویستە لێرەوە بڵێین کۆڵبەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە و بە هیچ پێوەرێکی ئابووریش لە هەژمارکردنی بەرهەمهێنانی نیشتمانیدا لە قەڵەم نادرێت. بۆیە کێشەیە و لەبەر ئەوەش حکوومەت ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕێسادار کێشەکە چارەسەر بکات و لە ئاستی دۆش داماوە. پێویستە بڵێین چارەسەرکردنی ئەم کێشە پەیوەندی بە چارەسەرکردنی کێشەی سەرەکی پێکهاتەی سیاسی ئێرانەوە هەیە و هەتا بوونی ئەم پێکهاتە سیاسییە، کێشەی کۆڵبەریش لە کوردستان چارەسەر ناکرێت.

# هەڵسەنگاندنێک لەسەر "ڕاسان" و "دەروونی کوردستانی ڕۆژهەڵات"




ن: نەکەرۆز

**یەکی**

دووفاقێتی هەستەکان (دوگانگی عواطف) چییە؟ ئەو حاڵەتە دەرونییەیە کە هاوکات هەم ڕق وهەم خۆشەویستییە کە لە مرۆڤێکدا کۆدەبێتەوە؛ بۆوێنە کاتێک تاک کەسێکی زۆر خۆش بوێت بەڵام بەهەر هۆیێک لەو کەسە یان جەرەیانە دڵ هەڵکەندراو ببێت لێرەدا هەستەکەی نامرێت بەڵکوو دەگۆڕدرێت بۆ ڕق ونەفرەت وتوڕەیی لەو شەخسە یان ئەو جەرەیانە؛ بۆ ڕوونتر بوونی باسەکە وەها گریمانە دەکەین کە کەسێک بەدڵ حەزی لە کوردایەتییە بەڵام ناتوانێت شور و حەزەکەی بکات بە شعوری سیاسی دواتر بە ڕق دا دەکەوێت ودەست ئەداتە کاری خراپ یان قسەی نابەجێ.

سەرخستن و گۆڕین (تصعید وتبدیل) چین؟ هەر دوکیان هەر دوو حاڵەتن کە لە دەرونشیکاریدا لە سەر گۆڕینی هەستی مرۆڤەکان باسیان لێوەدەکرێت، (تصعید واتە تبدیل بە احسن) واتە منداڵێک لە منداڵیدا هەژار بووە و بۆ وێنە دوچەرخەیان بۆ نەکڕیوە ئێستا ئەو گرێ دەرونییە لە ڕێگای کڕینی ماشینە گرانبەهاکانەوە "تصعید" دەکات و خۆی بەتاڵ دەکاتەوە.... "تبدیل"یش هەر گۆڕینی شتێکە بە شتێکی تر ،حاڵەتێکی دەرونییە چ لە ژیان وچ لە خەونی مرۆڤەکاندا زۆرجار ڕوو دەدات، بۆ وێنە خۆشەویستی دایک دەگوازرێتەوە بۆ هاوسەر، یان نمونەی "تصعید" یەکەی دایک لادەبرێت و نیشتمان لە جێگای دا دادەنرێت و هتد....

بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوە کە هەتا ئێستا ڕاسان هەتا چ ڕادەیێک تێکەڵ بە دەروون یان ڕەوانی خەڵکی شەقامی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوخۆدا بووە ناچارم مێژوویێکی کورتی ڕابردوو بهێنمەوە بەرباس کە لانیکەم لەم شارە کە من تێیدا دەژیم لە دەرونی مرۆڤەکان وخەڵکی تا ڕادەیێک جێگای خۆی کردبوویەوە.

لە پاش شەهید کرانی کاک دوکتور سەعید، دورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە مەیدانی ڕاستەقینەی خەباتی خۆیان، گەورەترین خەسار و هۆکار بوو بۆ ئەوەیکە بەرەبەرە و هێدیهێدی فەزای شار ودێهاتەکانی کوردستان لەباری دەرونییەوە بەرەو دامرکاندن بچێت، خەڵک(تودە) بەپێی مەسڵەحەت وقازانج و کەتوارێک کە دەیبینن هەڵسوکەوت دەکەن و لێرەشدا بەتایبەت پاش ئەوەیکە خاتەمی بۆ یەکەم جار بوو بە سەرکۆماری ئێران و دەستەواژەی بێنێوەرۆکی ئیسلاح تەڵەبی کورد هاتە ناو گۆڕەپانی ئەدەبیاتی سیاسی کوردەوە ، لای زۆربەی خەڵکی شەقام هەستی نەتەوایەتی گۆڕا(تبدیل) بۆ داواکاری خزمەتگوزارییەکانی حکومەتی وەک ئاو و ئاوەڕۆ وبرق وڕێگا وگاز و موخابەرات وهتد... ئەمە نەک لە وڵاتی ئێمەدا بەڵکوو لە هەموو شوێنکی جیهان، خەسارەتگەلێکن کە شارستانییەت وتیکنۆلۆژی ناڕاستەوخۆ لە سەر ئازادی وئینسانیەت وبەها ئینسانیەکان دایدەنێت و هیچیشی لەگەڵ ناکرێت بەتایبەت بۆ ئێمە کە خاوەنی وڵاتی خۆیشمان نین ئیتر ئازارەکە سەد هێندە سەختتر بوو.

مرۆڤی ئاسایی نێو کۆمەڵگا لەگەڵ ناڕەزایەتی دەربڕینی سەرزارەکی لە گرانی وبێکاری وهتد دەروونیان بەتاڵ دەکەن و هەندێک جار بوێری ئەوەیان نییە دەنگ هەڵبڕن و ببنە بکەر بۆ ئەستاندنی مافی ئینسانی. ئەوان بەمەرجێک ئازادیان دەوێت کە بە هەرزانترین نرخ بۆیان دەستەبەر بێت. لەم بڕگە لە زەمەندا نەسڵێکی تازە پێگەیشتوو کە وەڕز لە خواستی باوک و وەزعی مەوجود بوون بە دوو ڕەهەندی جیادا هەستی خۆیان دەرخست؛ یەکەم : کەسانێک کە لە باری دەرونییەوە سەرکێشیان کەم بوو، ئۆگری مەعنەوییات وبە چەشنێک عیرفانی ئەخلاقی بوون، واتە هاوشێوەی هەندێک ڕێکخراو، خۆیان بە خەباتکار دەزانی لە حاڵێکدا ئەوان جگە لەوە کە هەستەکانیان بەلاڕێدا گۆڕدرابوو هیچ کارێکیان نەکردبوو. هاوشێوەی ئەم جۆرە کەسانە کەسانێک هەبوون کە خۆیان بە شتی سادەترەوە خەریک کردبوو کە دەتوانم تەنانەت ئەو کەسانەش کە بەلاڕێدا ڕۆییشتن و تووشی بەڵای ماڵوێرانکەری ئێعتیاد بوون هەر لەم دەستە دەرونییەی کۆمەڵگادا جێگایان بکەمەوە.

دەستەی دووهەم: سەرکێشەکان و ڕادیکاڵەکان و ئاڵ وگۆڕخوازان بوون، بە گشتی ئەو کەسانە بوون کە خواستی دەسەڵاتی نەتەوەیی لە ناخیاندا پڕگرتر بوو. بۆ ئەم دەستە بیرەوەری شەڕەکانی حیزبی دێموکرات و باقی هێزەکانی دیکە لەگەڵ حاکمییەتی تاراندا جێگای فەخر وشانازی بوو. ئەم دەستە پاش پەیوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە وهتد یان جەزب دەبوون وبە کردەوە کەسانێکی باشیان لێ دەردەچوو کە خزمەتییان بە نیشتمانەکەیان دەکرد یان دڵ هەڵکەنیاو دەبوون و هەتا مردن بە دەرونێکی نەحەساو و تێرنەبووەوە دەیاننالاند. حاکمییەت بە خوێندنەوە و قۆستنەوەی ئەم هەلە بۆ زۆربەی ئەو کەسانە، کاناڵێکی ڕادیکاڵی پڕ لە پڕوپاگاندەی نیشاندا تاکوو هەستە دامرکاوەکانیانی تێدا بەتاڵ بکەنەوە وهێزەکەشیان بەفیڕۆ بچێ؛ بەداخەوە لە گەڵ ئەم نەوعە لە کاناڵیزە کردنی هەستە دەرونییەکانی لاوان خەسارەتێکی گەورە لە هەموو بارێکەوە لە هەست وشعوری لاوانی ڕۆژهەڵات کەوت.

حاکمییەت کە بە هەموو شێوەیێک ئاگاداری وەزعی دەرونی لاوانی ڕۆژهەڵات بوو، بەردەوام لە هەوڵی (تبدیل) کردنی ئەو هەستانە بە هەست گەلێکی لاوەکی وبەلاڕێداچوو بوو. حاکمییەت بەردەوام ئەو پڕوپاگاندەی لە نێو خەڵکدا بەدژی هێزە کوردییەکان بڵاو دەکردەوە کە ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی بەهۆی ژیانی کەمپ نشینی تووشی گرفتە دەرونییەکان بوون، لەباری پێکهاتەی حیزبییەوە لاواز بوون و دەیان تۆمەتی ناڕەوای دیکەی دەدایە پاڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کە ئەمانە کەمترین و بچوکترین تەبلیغاتێکی حکومەت بوو کە فەزای کوردستانی پێ ژەهراوی کردبوو. سەرەڕای هەمووی ئەم فێڵ وپیلانە یەک لە دوای یەکانەی حاکمییەت، هێشتا لاوانی ڕۆژهەڵات بێ هیوا نەبوون و لە ڕێگای ناوە جوان وکردەوە بە نرخەکانی کاک دوکتوور قاسملوی هەمیشە زیندووەوە ڕچەیێکی پاک وبێگەردیان بەدی دەکرد کە داهاتووی خۆیانی لە سەر دابمەزرێنن ئەویش "ڕاسانی ڕۆژهەڵات" بوو. ڕاسان گەورەترین وپڕماناترین وەڵام بوو بۆ دۆست ودوژمنی ڕۆژهەڵات، بە بێ زێدەبێژی و فروفیشاڵ دەڵێم پاش ڕاگەیاندنی ڕاسان، شەقامی کوردی موچڕکێکی پێداهات، شەقام چاوی سڕی و جارێکی دیکە هیواییێکی مەزن لە ناخیدا چەکەرەی کرد.

لەم بڕگەدا عاتیفە وسۆز و خۆشەویستی دەرونی بە فورمێکی جیاواز لە ساڵانی پێشوو خۆی نواندەوە، لە سەرەتاکاندا خەڵک (تودە) بە " دڵە باوەڕ مەکە" لەم خەباتە نوێیەیان دەڕوانی بەڵام پاش گیانبازی پێشمەرگەکان وشەهید بوونی ڕۆڵە فیداکار وخۆنەویستەکانی حیزب، نیشتمان بەگشتی توشی وەستانێکی هەست بوو؛ پاش وەستانی کاتی وەرچەرخان بە باری ڕاست ودروستی نەتەوایەتی خۆیدا کەوتە ڕێگا. ئەم دۆخە بەتایبەت لە پاش حەماسەخولقێنییەکانی قەرەسەقەڵ و کۆساڵان و بۆڕییەر کارتێکەری پۆزەتیڤی هەست پیکراوی لەسەر شەقام دانا و بەپیچەوانەشەوە کاریگەری ڕوخێنەری لەسەر داگیرکەرانی کوردستان بەجێهێشت؛ لێرەدا کەم وکوڕی چ لە باری ڕاگەیاندن چ لە باری نیزامی وهتد نەبوونە بەربەست بۆ ئەوەیکە خەڵکی شەقام ناوەرۆکی ڕاسان نەبینن. هاوکات لەگەڵ ڕاساندا شەڕی پێشمەرگە لەگەڵ داعش دەورێکی بەرچاویان گێڕا هەتا تەمەنی ناسینی پێشمەرگە و چۆنیەتی خەباتی بگاتە لاوانی سێزدە بۆ پازدە ساڵ کە بەڕای من ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گرینگ بوو. داڕێژەران وبەڕێوەبەرانی ڕاسان ئێستا دەبێ باش بزانن ئەگەر ئەوان دروست بچنە پێش، گومانم نییە ئەو دوو توێژەی پێشووی کۆمەڵگا کە پێشتر ناوم بردن هەر لە ناو دڵی ڕاساندان (دوگانگی عواطف = مهر آکین ) یانی خۆشەویستی و ڕق هاوکات لە یەک مرۆڤدا کۆدەبێتەوە ، لێرەدا ئەرکی بەڕێوەبەرانی و تیۆریسیەنەکانی ڕاسانە کە هەستە دەرونییەکانی کۆمەڵگا بە قازانجی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی (تصعید) بکەن؛ واتە بە باشترین شێوە تووشی هەڵکشانی دەرونی بۆ بە نەتەوەیی بونییان بکەن. دڵنیا بن شار دەنگی شاخی بە ڕوونی گوێ لێ بووەو پەیامی شاخی وەرگرتووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێت لەو ڕاستییە ئاگادار بێت کە پێشمەرگە بێ کارت و نەناسیاوەکانی لە ناخی شاردا دڵیان دڵ دەخوازێت بۆ ئەوە کە دێموکرات بە ڕەسمی خەباتەکە بە گوڕتر بکات.

شەڕ وباڵ باڵێنی ناو حاکمییەتی تاران، گرانی وبێکاری و داتەپینی لە ڕادە بەدەری بازاڕ، شەڕە ناوچەییەکان و وەزعییەتی ئاڵۆزی وڵاتانی دراوسێ، دزی و ئێختلاسە یەک لە دوای یەکەکان و بە نەوعێک بێ تەعەهودی حاکمان وکاربەدەستانی حکومەتی لە تاران، پەیامە توندوتیژەکانی ترامپ و... و ناوی پیرۆزی (ڕاسان ) بەگشتی کارێکیان کردووە کە خەڵکی بەرژەوەندیخواز، شۆڕشگێڕ، ئاسایی، ڕۆشنبیر، باش، خراپ وهەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگا هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاڵوگۆڕێکی کوتوپڕ یەخەی ئێرانییەکان دەگرێتەوە و هەمووی ئەم خەڵکانە بە شێوەی خۆیان بیر لەو داهاتووە ناڕوونە دەکەنەوە. ئێمەی کورد ئیتر ئاڵتێرناتیوێکمان ناوێت کە لە سەر حیسابی سەرکوتی نەتەوەکان هێمنی بۆ پایتەختی فارسەکان بگێڕێتەوە، بەڵکوو دەبێت یەکگرتوانە لە هەوڵی ڕێکخستنی خۆمان و بە ڕێکخراوەیی کردنی کارەکانماندا بین هەتا ئیتر دوژمن نەتوانێت هەستی خەڵکەکەمان بەلاڕێدا بەرێت وتووشی خەسارەتێک ببین کە قەرەبوو نەکرێتەوە .

**ئێمەی کورد ئیتر ئاڵتێرناتیوێکمان ناوێت کە لە سەرحیسابی سەرکوتی نەتەوەکان هێمنی بۆ پایتەختی فارسەکان بگێڕێتەوە، بەڵکوو دەبێت یەکگرتوانە لە هەوڵی ڕێکخستنی خۆمان و بە ڕێکخراوەیی کردنی کارەکانماندا بین هەتا ئیتر دوژمن نەتوانێت هەستی خەڵکەکەمان بەلاڕێدا بەرێت وتووشی خەسارەتێک ببین کە قەرەبوو نەکرێتەوە**

# سەربەخۆیی باشوور وەک دەرفەتێک بۆ دەوڵەتسازی و دیموکراسیی سەرکەوتوو

د. ئیدریس ئەحمەدی

مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان پێویست دەکا لە ڕوانگەیەکی مێژوویی و بەراوردکارییەوە لێک بدرێتەوە، بەتایبەت کە ئەگەڕێتەوە سەر پەیوەندی نێوان دەوڵەتسازی و دێموکراسی.

هەوڵێکی وا دەتوانێ دوو سوودی هەبێ: لەلایەک، بە دەسنیشانکردنی لێکچوون و جیاوازییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ وڵاتانی دیکە، دەتوانین باشتر ڕاڤەی ئەو مەسەلەیە بکەین، لەلایەکی دیکەوە، دەشێ بەرچاوڕوونی لەمەڕ قۆناغەکانی پاش سەربەخۆیی باشووری کوردستان وەدەست بێنین.

لە ئاستێکی گشتیتردا، پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دێموکراسی گرێدراوە بە گەشەسەندنی سیاسییەوە. بۆ تێگەیشتن لە گرنگی گەشەسەندنی سیاسی، دەبێ مۆدێلی دەوڵەتی موڵک و میرات (patrimonial) کە لەوێدا دەوڵەت موڵکی شەخسی دەسەڵاتدارە و بە میرات دەمێنێتەوە بۆ ئەندامانی بنەماڵەی، لەگەڵ دەوڵەتی مۆدێرن، کە غەیرەشەخسییە (impersonal) و لەوێدا وەرگرتنی پۆست لە سەر بنەمای شایستەییە و حکومەت ئەرکی پاراستنی بەرژەوەندی گشتییە، لێک جیا کەینەوە.

فرانسیس فۆکۆیاما لە بەرهەمێکی گرنگ و نوێدا لەژێر ناوی "نیزامی سیاسی و نسکۆی سیاسی"، گەشەسەندنی سیاسی بە سەرهەڵدان و جێکەوتنی دەوڵەتی مۆدێرن، سەروەریی یاسا و دێموکراسی پێناسە دەکات. لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەر ئەم سێ ماکە و ڕاگرتنی پارسەنگ لە نێوانیاندا، نیزامێکی سیاسیی مۆدێرن و سەرکەوتوو پێک دێنن.

لە ڕابردوودا گەشەسەندن وەک پرۆسەیەکی هێڵی (linear) بینراوە و گەشەسەندنی ئابووری بە پێشمەرجی گەشەسەندنی سیاسی دانراوە؛ بەڵام دروستتر وایە لێک جیا بکرێنەوە، چوونکە مەرج نییە لە هەموو وڵاتێکدا گەشەسەندنی ئابووری هاوتەریب بێ لەگەڵ گەشەسەندنی سیاسی، یان ئەوەی بەشێوەیەکی هێڵی لە گەشەسەندنی ئابوورییەوە دەست پێ بکا و بە گەشەسەندنی سیاسی کۆتایی پێ بێ.

لە هێندێک وڵات، وەک بریتانیا، گەشەسەندنی ئابووری بووە هۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی کە دواجار گەشەسەندنی سیاسیی لێ کەوتەوە. هەڵدانی ئابووریی لە بریتانیا، بەتایبەت پاش شۆڕشی پیشەسازی، ساختارێکی چینایەتی نوێی هێنایە کایەوە و لە ئاکامی تەیاربوونی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی و چینی کرێکاردا، دێموکراسی هاتە کایەوە. سینگاپۆر و چین دوو نموونەی هەنووکەیین کە لەگەڵ ئەوەی گەشەسەندنی بەرچاوی ئابوورییان بە خۆیانەوە بینیوە، دێموکراتیک نین.

هەروەها جێگای ئاماژەیە کە لە کەیسی بریتانیادا چەند دامەزراوەیەکی سیاسی، وەک سەروەریی یاسا و برۆکراسی شایستەسالار (meritocratic bureaucracy)، یارمەتیدەر بوون بۆ گەشەسەندنی ئابووری. لە پرۆسەی جێکەوتنی سەرکەوتووانەی دێموکراسی مۆدێرن یان لیبراڵ دێموکراسیدا لە ڕۆژئاوا، سەروەری یاسا پێش دێموکراسی هاتووەتە کایەوە. خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە دامەزراوەی سیاسی زۆر جار یارمەتیدەری گەشەسەندنی ئابوورییە. درک کردن بەم ڕاستییە بۆ وڵاتانێک کە لە حاڵەتی گەشەسەندان، زۆر گرنگە.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە پیادەکردنی دێموکراسی پێش دەوڵەتسازیی مۆدێرن، واتە جێکەوتنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی (public administration) کاریگەر یان حکومڕانییەکی خاوەن کەیفییەتی بەرز، دەتوانێ ڕێگا خۆش بکا بۆ گەندەڵی لە حکومەتدا، کە بە نۆرەی خۆی کێشەی شەرعییەتی بۆ پێکدێنێ و دواجاریش ڕێگا خۆش دەکا بۆ ناڕەزایەتی بەربڵاو و بەردەوام.

هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی لە نیزامێکی دێموکراتیکی ئاوادا، واتە پیادەکردنی دێموکراسی پێش پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێز، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە دەسەڵاتداران بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات، داهاتی دەوڵەت و پۆست و پێگە لە بەڕێوەبەرایەتیدا بە سەر دۆست و لایەنگرانیاندا دابەش دەکەن. ئەو حیزبانەی کە لە قۆناغێکدا لە ئۆپۆزیسیۆندان بەڵام دەرفەتیان بۆ هەڵکەوتووە لە حکومەتدا بەشدار بن، لە زۆر وڵات درێژەدەری ئەو جۆرە گەندەڵییە بوون.

یۆنان یەکێکە لەو وڵاتە ئەورووپییانە کە زۆر لە پێش وڵاتانی دیکە مافی دەنگدانی بە هاووڵاتییانی پیاو بەخشی. هەڵبەت ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەهۆی ئەوەوە کە دێموکراسی لەو وڵاتەدا پێش دەوڵەتسازیی مۆدێرن و مۆدێرنیزاسیۆن لە شکڵە ڕۆژئاواییەکەیدا هاتە کایە، بەردەوام بە دەستی ناکارامەبوون لە حوکمڕانی و گەندەڵییەوە گرفتار بووە. بەپێچەوانەی بریتانیا، کە سەرتۆپکی مۆدێرنیزاسیۆنە لە ڕۆژئاوادا، لە یۆنان پرۆسەی شارنشینی، کە یەکێکە لە ماکەکانی مۆدێرنیزاسیۆن، لە ئاکامی شۆڕشی پیشەسازیدا ڕووی نەدا، بەڵکوو یۆنان پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنی تایبەت بە خۆی هەبووە. ئەمەش وای کردووە کە سەرەڕای شارنشینی، فەرهەنگی لادێ لە شارەکانی یۆناندا بتوانێ بمێنێتەوە. باشووری ئیتالیا، بەپێچەوانەی باکووری ئەو وڵاتە، مۆدێرنیزاسیۆنی هاوشێوەی یۆنانی هەبووە؛ بۆیە، لەو بەشەی ئیتالیادا ناکارامەبوون لە حوکمڕانی و گەندەڵی بوونەتە گرفتی جیددی و بەردەوام. ئەمەش وای کردووە کە هێزی وا لە باکوور سەرهەڵبدەن کە خوازیاری جیابوونەوە بن لە باشووری وڵات.

ئەمریکاش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە پێش دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز، دێموکراسی پیادە کرد. فۆکۆیاما دەنووسێ کە ئەو شێوە گەندەڵییە لە نیزامی دێموکراتیدا کە لە سەرەوە باس کرا، سەرەتا لە ئەمریکادا سەری هەڵدا. لەگەڵ ئەوەیکە ئەمریکا پرۆسەیەکی سەرکەوتووانەی پیشەسازی ئەزموون کردبوو و خاوەن ئابوورییەکی بەرهەمهێنەری بەهێز بوو، کەچی لە نەبوونی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کاریگەر، ناکارامەبوونی حکومەتی و گەندەڵی بەرۆکی گرتبوو؛ دواجار لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە، ئەم گرفتانە چارەسەر کران.

پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ئەمریکا بە ڕیفۆرمکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە سەر ئەو کێشانەدا زاڵ بوو، بەڵام وڵاتگەلێک وەک یۆنان و ئیتالیا ئێستاشی لەگەڵ بێ نەیانتوانیوە گرفتی ناکارامەبوون لە حوکمڕانی و گەندەڵی چارەسەر بکەن؟ وەڵامی فۆکۆیاما ئەوەیە کە لە یۆنان و ئیتالیا، "مۆدێرنیزاسیۆن بە بێ گەشەسەندن" ڕووی داوە؛ واتە، لەو وڵاتانەدا، چینی مامناوەند هاوشێوەی وڵاتانی پیشەسازی سەری هەڵنەداوە. پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن لە بریتانیا و ئەمریکا لە دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازی و ئابووری بەرهەمهێنەردا هاتە کایەوە، کە دوو چینی مامناوەند و کرێکارانی لێکەوتەوە و تەیاربوونی ئەمانە، دواجار نیزامی دێموکراتیکی هێنایە کایەوە.

لە بریتانیادا، چاکسازی لە حکومەت بۆ دامەزراندنی برۆکراسی شایستەسالار، کە کاکڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاریگەر و حوکمڕانی خاوەن کەیفییەتی بەرز پێک دێنێ، زووتر ڕوویدا. هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە بریتانیا دەوڵەتی بەهێز پێش دێموکراسی هاتە کایەوە، لە کاتێکدا مۆدێلی سیاسی فێدراڵی ئەمریکا زۆرتر سنووردارکردنی دەسەڵاتی حکومەت و دەسەڵاتی زۆرینەی ئامانج بووە.

کەوابوو، جۆری دەوڵەتسازی و کەیفییەتی دەوڵەت گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ گەشەسەندنی ئابووریی (وەک لە کەیسی چین و سینگاپۆر) یان بۆ گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی (وەک لە کەیسی بریتانیا، وڵاتانی سکاندیناڤی و باقی وڵاتانی ڕۆژئاوا). چین یەکەمین وڵات بوو لە دونیادا کە دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز و هەروەها برۆکراسیی شایستەسالاری پێک هێنا. ئەویش لە ئەنجامی شەڕدا هاتە کایەوە. هەروەها سەرهەڵدانی دەوڵەتی بەهێز و یەکخستنی میرنشینەکانی ئاڵمان لە ئاکامی شەڕ هاتە گۆڕێ، چوونکە سەرکەوتن لە شەڕدا پێویستی بە دەوڵەتی ناوەندی و بەهێزە.

ئێستا چین لە ڕووی ئابوورییەوە گەشەی سەندووە، بەڵام نەک لە ڕووی سیاسییەوە؛ نە سەروەری یاسا و نە دێموکراسی لەو وڵاتەدا جێنەکەوتوون. لەگەڵ ئەوەیکە چین، هەروەک سینگاپۆر، دێموکراتیک نییە، بەڵام دەوڵەتێکی بەتوانای هەیە کە لە بونیاتنانی ژێرخان و خزمەتگوزاریدا کارامەیە.

بە پێچەوانەی چین، وڵاتێک وەک هێندوستان هەر لە کاتی سەربەخۆییەوە تاکوو ئێستا دێموکراتیک بووە و هەروەها لە چەند دەیەی ڕابردوودا گەشەسەندنی ئابووریی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە. هەڵبەت بەهۆی لاوازبوونی دەوڵەتی هێندوستان، ناکارامەیی لە حوکمڕانی و گەندەڵی بەڕێوەبەرایەتی بوونەتە گرفتی جیددی و بەردەوام. ئەمەش بە نۆرەی خۆی بووەتە هۆی سەرهەڵدانی بۆشایی بەرچاو لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا و ناڕەزایەتییەکی بەربڵاوی لێکەوتووەتەوە. لە هێندێک هەرێمی هێندوستاندا، ناڕەزایەتی تەنانەت بەستێنی خۆش کردووە بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چەکداری ماوۆیستی.

ئەزموونی ئەمریکا دەکەوێتە نێوان هەموو ئەوانەوە؛ فۆکۆیاما پێی‌وایە وڵاتانێک کە لە حاڵەتی گەشەسەندندان، باشتر وایە ئەمریکا بکەن بە مۆدێل، واتە ئەگەر هەم حوکمڕانی خاوەن کەیفییەتی بەرز و هەمیش دێموکراسییان دەوێ.

چین و سینگاپۆر ناتوانن ببن بە مۆدێل، چوونکە دێموکراتیک نین؛ لەگەڵ ئەوەیکە چین لە ساڵانی ڕابردوودا بووە خاوەن پرستیژ، بەتایبەت دوای نسکۆی ئابووریی وڵاتانی دێموکراتیک، بێ کێشە نییە. نەبوونی ئازادی و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و هەروەها گەندەڵی بەربڵاوی حکومەتی لە چین نموونەی بەرچاون. ڕوون نییە کە ئایا چین، کە خاوەن توێژێکی مامناوەندی ٣٠٠ میلیۆنییە، هەروەها دیکتاتۆر دەمێنێتەوە یان دواجار ڕێگای دێموکراسی دەگرێتە بەر.

لە باشووری کوردستان، ئینتمایەکی بەرین هەیە بۆ دێموکراسی. هەروەها هەم جەماوەر و هەمیش حیزبە سیاسییەکان، کۆکن لە سەر پێویستی حکومەتی خاوەن کەیفییەتی بەرز بۆ دەربازبوون لە کۆمەڵێک گرفت. ئێستا تەنانەت دەسەڵاتدارانیش دان بە هەبوونی گەندەڵیدا دەنێن و حکومەت ڕایگەیاندووە کە ئامانجیان بنبڕکردنی گەندەڵییە.

هەر لە سەرەتای ڕزگاری لە باشوور، دێموکراسی بەرپا کرا. هەڵبەت گەمارۆی ئابووری تاکوو ٢٠٠٣ ، شەڕی نێوخۆیی و دواتر گرفتی ناکارامەبوونی حکومەت و گەندەڵی، بوونە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی بەربڵاو. لەلایەکی دیکەوە، دوای جیابوونەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سیستمی سیاسی لە باشوور لە دووجەمسەرییەوە گۆڕا بۆ فرەجەمسەری.

لە زانستی سیاسیدا، کۆدەنگییەکی ڕێژەیی هەیە لە سەر ئەوەیکە نیزامی دووجەمسەر لە نیزامی فرەجەمسەر سەقامگیرترە. سەرەڕای بەڵێنییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان، نە ئەوەندە بەهێزە کە گۆڕان پێک بێنێ و نە ئەوەندەش بچووکە کە پشت گوێ بخرێ. ئەم دۆخە حکومەتی لە ئاست سیاسەتی نێوخۆ و سیاسەتی دەرەوە لاواز کردووە. فرەجەمسەری هەروەها بووەتە ژینگەیێک بۆ ئەوەی حیزبە ئیسلامییەکان بەرجەستەتر ببنەوە. بە کورتی، دوای تێپەڕین لە دووجەمسەرییەوە بۆ فرەجەمسەریی، سیستمی سیاسی باشوور ناسەقامگیرتر بووە.

سەرەڕای قووڵبوونەوەی قەیرانەکان لە باشوور، بەتایبەت دوای بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، حکومەتی هەرێم دەستی کردووە بە چاکسازی. قەیرانی ئابووری کرا بە دەرفەت بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم. لە سرووشتی خۆیدا، ڕیفۆرم پرۆسەیە و ئاوا بەزوویی ئاکامە ئەرێنییەکانی دەر ناکەون. شەڕی داعشیش بووە دەرفەتێک بۆ بەهێزتربوونی هێزی پێشمەرگە و هەروەها زیادبوونی پێگەی جیۆسیاسی باشووری کوردستان لە ئاست نێودەوڵەتیدا.

لێرەدایە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی، بە مەرجێک کە کۆدەنگییەکی بەرینی لەپشت بێ و سەرکەوتووانە ئەنجام بدرێ، دەشێ ببێ بە دەرفەتێکی زێڕین بۆ ریفۆرم و دەوڵەتسازی سەرکەوتووانە. هەڵبەت دەبێ ڕەچاوی بەربەستی پێکهاتەیی لە بەردەم دەوڵەتسازیدا بکەین.

بەربەستی سەرەکی لێرەدا شکڵی مۆدێرنیسازیۆنە لە باشووردا، کە هاوشێوەی یۆنان و باشووری ئیتالیا، مۆدێرنیزاسیۆنێکە بە بێ گەشەسەندنی تەواو یان سەرکەوتوو. هەروەها داگیرکاری و چەندین دەیە شەڕ و ئەنفال، ئێستاشی لە گەڵ بێ، شوێندانەرن لە سەر باشوور.

لە باشووری کوردستاندا، هاوشێوەی یۆنان و باشووری ئیتالیا، شارنشینی لە ئاکامی ئابووری پیشەسازیدا نەهاتووەتە کایەوە. بەڵکوو ئەوە حکومەتی بەعس بوو کە بەمەبەستی تێکدانی کەرتی کشتووکاڵ وەک تاکە کەرتی سەربەخۆی ئابووری کوردستان و هەروەها تێکدانی گوندەکان بۆ شکستپێهێنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە سەرەتای حەفتاکاندا، کە شێوەیەکە لە ئەنفال پێش لە ئەنفالی دەیەی هەشتا، پرۆسەیەکی ساختەی شارنشینی لە کوردستاندا هێنایە کایەوە.

دوای ئەوەیکە خەڵکی گوندەکان ڕوویان لە شار کرد، حکومەتی بەعس وابەستەی کردن بە خۆیەوە. لە لایەکی دیکەوە، شارەکانی کوردستان خاوەن ئابوورییەکی بەرهەمهێنەر نەبوون تاکوو قەوارەیەکی چینایەتی بە قازانجی دێموکراسی تێیاندا سەرهەڵبدا.

دەسەڵاتی کوردی دوای شەڕی کەنداو، لەگەڵ کۆمەڵگایەکی ئەنفالکراو و وێران بەرەوڕوو بوویەوە. هەر لە سەرەتاوە، هێزە کوردییەکان پابەندبوون بە پیادەکردنی دێموکراسی. هەڵبەت هەڵدانی ئابووری پاش ٢٠٠٣ وای کردووە کە بەستێنی کۆمەڵگای مەدەنی پێک بێ، ڕادەی خوێندەواری برواتە سەرێ و چین و توێژی کۆمەڵایەتی تەیار بن لە پێناو ریفۆرمدا. ئازادی ڕادەربڕین، کە کەم وێنەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، وێڕای هەبوونی ئاسایش، خاڵی دیکەی بەهێزی باشووری کوردستانن. کەوابوو، زەمینەی مۆدێرنیزاسیۆن لە باشوور هەیە. کۆدەنگیی نەتەوەیی و سیاسەتی دروست دەشێ مۆدێرنیزاسیۆن بە بێ گەشەسەندن بکا بە مۆدێرنیزاسیۆن بە گەشەسەندنەوە.

بە کورتی، گرفتی سەرەکی لە باشووری وڵات لە نەبوونی ئینتیما یان کارکردن بۆ دێموکراسی نییە، بەڵکوو گرفتی سەرەکی نەبوونی دەوڵەتسازییە. باشوور لەم ڕووەوە هاوشێوەی ئەزموونی ئەمریکایە، بەو جیاوازییەوە کە ئەمریکا خاوەن ئابوورییەکی بەرهەمهێنەر بوو. فۆکۆیاما بە دروستی ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێک لەو گرفتانەی وەپاڵ دێموکراسی دەدرێن، لە نەبوونی دەوڵەتی بەهێز و بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی کاریگەرەوە سەرچاوە دەگرن. هەڵبژاردنی دێموکراتیک گرنگە، بەڵام دابینکردنی خزمەتگوزاری، کە لە ڕێگای دەوڵەتی بەهێزەوە دێتەدی، پێویستە بۆ ئەوەی دێموکراسی تووشی نسکۆ نەبێ.

هەروەها دەبێ لە ڕاستای دەوڵەتسازی بەمەبەستی پێکهێنانی نیزامێکی دێموکراتیکی سەرکەوتوو، ئەولەوییەت بدرێ بە گەشەسەندنی ئابووری لە شکڵی ئابووریی بەرهەمهێنەردا. بەڵام هەم گەشەسەندنی ئابووری و هەمیش دێموکراسی سەرکەوتوو، پێویستی بە دەوڵەتی بەهێزە. هەروەها پێویست بە هێنانەدی کولتوورێکی نوێ دەکا، یان لانیکەم ڕزگارکردنی جەماوەر لە کولتووری بەستراوەیی سەردەمی حکومەتی بەعس.

لە باشووردا گەشەسەندنی سیاسی بەو شێوەیە بووە کە دێموکراسیمان پێش دەوڵەت بووە، بەڵام دەوڵەتسازی دوای ڕیفراندۆم دەتوانێ ببێتە هۆی قووڵکردنەوەی دێموکراسی یان جێگیربوونی دێموکراسییەکی سەرکەوتوو. تەنانەت ئەگەر ریفراندۆم بە هەر هۆیەک دوابخرێ و سەربەخۆیی لە نزیکمەودادا نەیەتەدی، ئەنجامدانی ریفۆرم لە پێناو پێکهێنانی برۆکراسی شایستەسالار و جێکەوتنی سەروەری یاسا و دواجاریش دەوڵەتسازیدا، پێویستییەکی حەیاتییە.



سەرچاوە

Francis Fukuyama, *Political Order and Political Decay: From the French Revolution to the Globalization of Democracy* (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2014)

# حەســەن شەرەفی: ئەوانەی ڕێژیمی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی گەورە و دوژمن، بە کردەوە دەبنە جیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران



**سەردانی سوپاسالاری ئێران بۆ تورکیە، ئامانج و بەرنامەیان لەو کاتە هەستیارەدا مژاری دیمانەی ئەمجارەی کوردستانە لەگەڵ بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.**

وتوویژ: سەلیم زەنجیری

**● یەکەم جارە کە سەرۆک ئەرکانی ڕێژیمی ئێران بە یاوەری شاندێکی باڵای لەشکری، سەردانی تورکیە دەکات. ئێوە ئەو سەردانە لەو کات و ساتە هەستیارەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مەسەلەکانی پێوەندیداریی، بۆ هەر یەک لە وڵاتانی ناوچە بەتایبەتی ئێران و تورکیە گرنگییەکی زۆری هەیە و وێڕای جیاوازیی قووڵیان لە هەندێ بواردا، هەر کامیان بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی هەیە. سەردانی سەرلەشکر باقری، ناکرێ هەروا لەناکاو بێت، بەڵکوو پێشتر زەمینەسازی بۆ کراوە. ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە بەتایبەتی دۆخی سووریا و ئەوەیکە لە کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە لە گۆڕێدایە، ئەوان ناچارەدەکات پێکەوە دانیشن وبەرنامەیەکی وا دابڕێژن کە ئەگەر هەموو شتێکیش بە دڵیان نەبێت، لانیکەم زیانی کەمتری بۆیان هەبێت. ئەو دوو وڵاتە کە سنوورێکی دوورودرێژیان لە گەڵ یەکتر هەیە، پێیان وایە کە هاوکارییان دەتوانێ لە بەرژەوەندییاندا بێ و ئەو زیانانەی کە ڕەنگە لە ئەگەری ئاڵوگۆڕی ناوچەکە وەبەریان بکەوێ، لە سەر خۆیان کەمتر بکەن. بۆیە ڕەنگە سەردانی ئاست بەرزتریشیان بۆ ڕێککەوتن و هەماهەنگی باشتر بەدوادا بێ.

**● مەسەلەی سووریە یەکێک لە ناکۆکییەکانیان لەم چەند ساڵەی دوایییدا بووە و لە سایەی دەستێوەردان و بەرژەوەندییەکانیاندا، ئەو وڵاتە کاول بووە و خوێنی زۆرە لە بەر ڕۆیشتووە، ئەو نزیکبوونەوەیان دەتوانێ چی بۆ سووریە بە دوای خۆیدا بێنێ؟**

مەسەلەی سووریە وێڕای زیانە ئابوورییەکان، جینایەتی زۆر ناخۆشی مرۆیی بە دوای خۆیدا هێناوە و ڕەنگە چەندین ساڵی دیکەش بخایەنێت تاکوو برینەکانی سارێژ بێتەوە. تا ئێستا ڕێژیمی ئێران کە پشتیوانی سەرەکیی مانەوەی بەشار ئەسەد بووە، بەپێچەوانەی تورکیەوە عەمەلی کردووە ، بەڵام ئێستا خەریکە مەسەلەی سووریە گەورەتر دەبێت و ڕەنگە ناچار بە سازش بۆ یەکتری بن.

**● چ خاڵێکە کە ئەو دوو هێزە ناکۆک، بەڵام دژی کوردە لە سەر سووریە لێک نیزیک دەکاتەوە؟**

سەرەتا ڕێژیمی ئێران لە سووریەدا یەکەتاز و حزووری بەرچاوی هەبوو. خۆی بە خاوەنی هەموو حەرەکەت و ئاڵوگۆڕێک لەو وڵاتەدا دەزانی، بەڵام دواتر دیتمان کە رووسیە پێی نایە گۆڕەپانی کێشەکانی سووریە و نەخشی یەکەمی لە ئێران وەرگرتەوە. پاشان ئامریکا بە شکڵێکی پڕڕەنگتر هاتە نێو سووریە و چوار سەربازخانە و دوو فڕۆکەخانەی نیزامیی کردەوە، هەموو ئەوانە بەشێک لە بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیە لە مەترسی دەخات، بۆیە بەو دانیشتنانە دەیانهەوێ بە ڕێگاچارەیەک بگەن کە بەرژەوەندییەکانی هەر کامیان دابین و زیانەکانیان کەمتر بێ. چونکە پێشتر چاوەڕوانیان دەکرد دەسەڵاتی یەکەم لە وڵاتەدا بن و دەوری یەکەم بگێڕن، ئێستا دەبینن کە کەم بووەتەوە و دەیانهەوێ لە چوارچێوەی ئەو بەرەو داکشانەدا، مەوقعییەتی خۆیان تا ڕادەیەک بپارێزن.

**● ڕێژیمی ئێران بە ڕواڵەت خۆی بە دۆستی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان دەزانێت، بەپێچەوانەوە تورکیە ئەو دیفاکتۆیەی ڕۆژئاوا بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەبینێت و هەڕەشەی هێرشکردنە سەر کانتۆنی عەفرین دەکات. ئەو نزیکبوونەوەیان دەتوانێ چ مەترسییەک بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت؟**

بەشێک لە کوردەکان لە سووریە کە نەخشی سەرەکییان لە شەڕی دژی داعش هەیە، تەنیا پێوەندییان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نییە، بەڵکوو تا ڕادەیەک رووسیاش پشتیوانیان لێدەکات و هەروەها ئامریکاش هاوکاریی زۆر باشیان دەکات، بەڵام تورکیە ئەو دەسەڵاتەی بە بەستراوەیی پ.ک.ک و مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێت. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ئێران کە زۆر کوردی بۆ گرینگ نەبووە، لەو چوارچێوەیەدا کە لە گەڵ سیاسەتی یەک دەگرێتەوە، بێدەنگی لە نارەزایەتیی تورکیە دەکرد، بەڵام بە هاتنی ئامریکا و هاوکاری بۆ ئەو هێزەی کوردستانی ڕۆژئاوا، ئێرانیش دەیهەوێ نارەزایەتی دەربڕێت. بەو واتایەی کە لە دەست ئەو دەرچووبێت! بۆیە ئەوان دەتوانن لە سەر ئەو خاڵەش یەک بگرنەوە.

**● مەسەلەی ڕیفراندۆمی باشووری کوردستان خاڵێکی گرینگی دانیشتنیان بووە و وێڕای دەربڕینی دژایەتیان، بەڕێوەچوونی گشتپرسی و ئاکامەکانیشی بە زیانی ناوچە، ئێران، تورکیە و عێراق دەزانن، لە ڕوانگەی جەنابتەوە لێکەوتەکانی چین؟**

زۆر سرووشتییە کە لێکەوتەکانی بۆ کورد ئەرێنی، نیشتمانی و نەتەوەییە. کورد لە مێژساڵە کە قوربانی، خوێن و فیداکاری دەکا کە بە ڕۆژێکی وا بگات. بەڵام لێکەوتەکانی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ ئەو وڵاتانە چی دەبێ؟ ڕەنگە نیگەرانییەکانی تورکیە لەو پێوەندییەدا بە قەد ئێران نەبێت، تەنها نیگەرانی تورکیە مەسەلەی کوردە لە نێوخۆی خۆیدا، دەنا پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە و ڕەنگە بە ئاسانی نەتوانێ چاوپۆشی لەو هەموو بەرژەوەندییە ئابوورییەی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام چونکە مەسەلەکە پرسی کوردە، ڕەنگە پێی خۆش نەبێت بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە کورد بۆ خۆی هەوڵی بۆ دەدات. هەڵبەت لێکەوتەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاترن. یەکەم کۆماری ئیسلامی پێی خۆش نییە وڵاتێکی سەربەخۆی کورد لە جیرانەتی ئەو دروست ببێت، ئەویش لە جیرانەتی ئەو بەشە لە ئێران، کە خۆی کوردە و ڕێژیم مافیان پێشێل و سەرکوتیان دەکا. ئەو لەو دۆخەدا پێی خۆش نییە کورد لە پارچەیەک ئازاد و سەربەخۆ بێ کە کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە بۆ مافی خۆیان بەرفراوانتر خەبات بکەن. دووهەم، ڕێژیمی ئێران خۆی بە خاوەنی بەغدا و حکومەتی عێراق دەزانێ، بۆیە ئەگەر بەشێک لەو وڵاتە جیا ببێتەوە، لە ڕاستیدا نفووزی ڕێژیم لە ناوچە و بەتایبەتی لەو وڵاتەدا کەمتر و کەمڕەنگتر دەبێتەوە. خاڵی سێیەم، ڕێژیم دەزانێت کە ئەگەر کوردستان سەربەخۆ و دەوڵەتێکی ئازادی هەبێت، دۆستایەتی و پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا پتر لە وڵاتانی ناوچەکە دەبێت و حزووری ئامریکا لەوەی ئێستا هەیە، زیاتریش دەبێت و ئەوەی ئێران پێی دەڵێت شەیتانی گەورە و ئامریکای دوژمن، لە واقیعدا بە کردەوە دەبنە جیرانی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆیە ئەوانە مەسەلەگەلێکن کە بە زیانی کۆماری ئیسلامین و هەوڵی ئەوە دەدات کە زیانی سەرچاوەگرتوو لە سەربەخۆیی کوردستانی باشوور کەم بکاتەوە، بەڵام چەندە دەتوانێ ئەوەی بکات، ماوەتەوە سەر سیاسەتی ئامریکا و زلهێزەکان، کە ناوچەکە بەرەو چ ئاقارێک دەبەن.

**● ئێران باس لە هەڕەشەی داخستنی سنوور دەکات، ئەمە چەندە دەتوانێ عەمەلی بکات؟**

زەرەری داخستنی سنوور دوولایەنەیە، بەڵام بۆ دەسەڵاتێک، زەرەری سیاسی لەگەڵ زەرەری مادی جیاوازە و پتر گرینگی بە بەرژەوەندی سیاسی دەدرێت تا ئابووری. ئەگەر بتوانێ هەردووی پێکەوە دەستەبەر بکات، باشترە. هەموو هەوڵی ئێران ئەوەیە کە کوردستان بە سەربەخۆیی نەگات و دەڵێت نابێ ببێ، ئەوە واتای ئەوەیە کە ئەگەر ببێت ئەوان ناهێڵن.

**● ئەو نەهێشتنە چییە و چۆن دەخوێندرێتەوە؟**

ئەگەر مەبەستیان هێرشی نیزامی بێ، ئامریکا ڕایگەیاندووە کە هێرش بۆ سەر کوردستان، هێرشە بۆ سەر ویلایەتێکی ئامریکا. لەو نێوەدا سەرانی حکومەتی عێراق کە مەسەلەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە، مولایمتر لە تورکیە و ئێران دەدوێن. پێت وایە بتوانن ئەو هەڕەشەیە عەمەلی بکەن؟

من پێم وانیە بەو ئاسانییە بتوانن.

**● گەر کرا چ ناوێکی لێ دەنێی؟**

ئامریکاییەکان دەیانهەوێت لە عێراق و کوردستاندا پایگا و نفووزی زیاتریان هەبێت و هەر ئێستا خەریکی جێ خۆشکردنی زیاتری خۆیانن لە کوردستاندا.

**● لە ئەگەرێکی وادا نایێتە خۆکوژی؟**

لەو باوەڕەدا نیم کە بتوانێ ڕاستەوخۆ هێرش بکات، بەڵام ڕەنگە لە ڕێگای دەسەڵات و نفووزێک کە لە عێراق (حەشدی شەعبی و هێزەکانی بەستراوە بە خۆی ) هەیەتی، ئەو کارە لە دژی هەرێمی کوردستان بکات و ڕەنگە ڕێژیم داوایەکی لەو چەشنە لە تورکییەش هەبێ کە بە ڕێگای نفووزی خۆی (تورکمەنەکان) لە عێراقدا کێشە بۆ سەربەخۆیی بخولقێنێ. هەموو ئەوانە پیلانی ورد و گەورەن کە ڕەنگە وا بە ئاسانی بۆیان دەستەبەر نەبێ.

**● نزیکایەتی ئەو دوو وڵاتە داگیرکەرەی کورد چ کاریگەرییەکی لە سەر شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵات و لە باکوری کوردستان دەبێت؟**

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو دانیشتنەو هی دواتریش، بەگشتی رووی لە مەسەلەی کوردە. ئەگەر لە باشوور پێوەندی بە مەسەلەی ڕێفراندۆمەوە هەبێت، لە ڕۆژهەڵات و باکووریشدا دەیانەوێت خەباتی کورد لاواز و لەباری بەرن. بەڵام هاوکاریی و چالاکییان لە بواری نیزامی و ئەمنییەتیدا، هەمووی سەرچاوە لەو نیگەرانییانە دەگرێ کە بەنیسبەت جووڵانەوەی کوردیان هەیە. دەزانن کە ڕەوشی تورکیە لە نێوخۆیدا لەبار نیە و پێوەندییەکانی لەگەڵ دونیای دەرەوە بەتایبەت ئورووپادا باش نییە، کۆماری ئیسلامیش لە نێوخۆیدا کێشەی یەکجار زۆری هەیە و لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەش ناکۆکە. سووریەش لە وەزعێکدایە کە هەموومان دەبینین. عێراقیش نە سەقامگیرە و نە دەسەڵاتێکی سەربەخۆی هەیە، بۆیە بەو دۆخە شڵەژاوەی هەر چوار وڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان و پێشێلکەری مافی کوردانداد، دەبینین کە بەپێچەوانەوە کورد، لە نێو دونیای دەرەوەدا خۆیان وەکوو هێزێکی دژی تێرۆر و تۆقاندن دەرخستووە و جاران ئەگەر دوژمنەکانمان کوردیان بە خراپ دەناساند، ئێستا کورد بە کردەوە خۆی ناساندووە و مەسەلەی کورد لە ڕادەی جیهانیدا ڕەنگ و ڕوویەکی دیکەی هەیە کە پێشتر نەیبووە. بۆیە مەوقعییەتی خراپی ئەو وڵاتانە و مەوقعییەتی لەبارتری کورد، پێشێلکەرانی مافی کوردیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕەی کە بەرەڤاژی جیاوازی بۆچوون و دژایەتیان لەگەڵ یەکتر، لە سەر مەسەلە گرینگ و هاوبەشەکانی ناوچە دەست بدەنە یەکتر و بتوانن زیانی ئەو شتە لە ڕوانگەی خۆیانەوە کەم بکەنەوە.

**● لەوەها بارودۆخێک دا ئەرکی کوردەکان چییە؟**

زۆر ئاسانە، دەبێ کورد حاڵی بێ کە ئەگەر هەندێ جیاوازی بۆچوونیان لە شێوەی خەباتدا هەبێ، دەبێ لە هەر چوار پارچەی کوردستان پتر لە جاران، هاودڵ، هەماهەنگ و هاوکاری یەکتر بکەن. وڵاتێک کە سەرکوتکەر و پێشێلکاری مافی کوردی خۆیەتی، ناتوانێ ببێتە دۆستی پارچەکانی تر. گەر وا دەنوێنن، دەبێ بزانین کە ڕواڵەتییە. چوونکە ڕۆژی خۆی کە دێتە سەر چارەنووسی کورد، هەموویان وەکوو یەک بەرخورد لە گەڵ پرسی کورد دەکەن.

کۆماری ئیسلامی چەندە دژی کوردە لە ڕۆژهەڵات، ئەوەندەش دژی کوردە لە پارچەکانی تر. کاتێک کورد باسی مافی خۆی یان ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی و مافی چارەنووس دەکات، ئێران زیاتر لە هەموویان دژایەتی دەکات. مەسەلەی ئەساسی ئەوەیە داگیرکەران و پێشێلکەرانی مافی کورد لە دۆخێکدان کە بزانن کورد گەیشتووەتە جێگایەک و دەیەوێت بەوە بگات کە هەوڵی بۆ داوە، هەموویان دەست دەدەنە دەستی یەک و بە لێکهاڵانی ئاوا و هاوکاری یەکتر، لە دژی کورد دەوەستنەوە.

**● بە سەرنجدان بەو هەڕەشە و لێک نزیکبوونەوەی ئەو هێزانە و بە گونجاونەزانینی کاتی بەڕێوەچوونی ریفراندۆم لەلایەن هەندێ وڵات و لایەنەوە، ئایا دروستە کە کورد پاشەکشە یان کاتەکەی وەدوا بخەن؟**

من بە هیچ شێوە بە ڕەوا نازانم کە پاشەکشە بکەن و هیوادارم کە کارێکی لەو شێوەیەش نەکەن لە بەر دوو هۆکار: یەکەم، ئەو دەسەڵاتەی کە ئێستا لە باشوور هەیە، کاتی خۆی ئێران و تورکییە لە دژی بوون و هێزیان لە خاکی باشووری کوردستاندا جێگیر کرد، بەڵام دواتر کە بوو بە واقیع و عەمەلی، ناچار بوون بە شێوەیەک تەعامولی لەگەڵ بکەن. بۆ سەربەخۆییش هەر وایە، ئێستا ناتوانن بڵێن کە موافیقین، بەڵام کە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ئەو کات ناچارن بە جورێک تەعامولی لەگەڵ بکەن.

دووەم، ئەوانەی کە دەڵێن نا و کاتی نییە، با بە کورد بڵێن کە کاتی باش کەیە و چەندی ماوە؟ ئەگەر وەدوا بکەوێ بۆ ئەو کاتەی کە ئەوان پێیان گونجاوە، چ زەمانەتێکیان هەیە؟ من پێم وایە کاتەکە زۆر گونجاوە، چونکە دۆخی هەر چوار وڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا شپرزەتر لە جارانە. لە بەرانبەردا کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا دۆخێکی بۆ هاتووەتە پێشێ کە لە بیروڕای گشتی دونیادا جێگایەکی تایبەتیان هەیە و لە نێوخۆشدا لە سەر مافەکانیان پێداگرن. تەنیا ماوەتەوە کە لە نێوخۆیاندا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بن، ئەگەر ئەمە بکرێت، لە ئەگەری هەر هێرش یان هاندانی هێزی دیکە بۆ هێرشکردنە سەریان، جیهان بێدەنگ نابێ. بە بڕوای من ئەو ریفراندۆمە دەنگی بەڵێ دێنێ. ئەوانەش کە لەو دۆخەدا نەخێر بە سەربەخۆیی دەڵێن، دەبێ روونی بکەنەوە کە بەڵێ بە چی دەڵێن؟ بە دەسەڵاتی بەغدا پاش ئەنفال و کیمیاباران و ئەو هەموو گرتن و غەدرەی سەدان ساڵە، یان چی...!؟ ئەگەر کورد ئەمجارە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و ریفراندۆم نەدات، لە مێژوودا جێگایەکی باش بۆ خۆی تەرخان ناکات.



## کۆتەڵ: لە یادی دامەزرانی حیزبدا

٢٥ی گەلاوێژی ٧٢ ساڵ لەمەوبەر
مێژووژمێر خاڵی وەرچەرخان نیشان ئەدات بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و
ئێرە مەهابادە و
حیزبێک چاو بە گۆڕەپانی سیاسەت هەڵدێنێ کە لە هەموو ڕەهەندێکەوە ببێتە ئاوێنەی بالاٌنوێنی خواست و ئیرادە و دەنگی کوردستانی ئێران.
ئێرە مهابادە و
"پیاوێکی باریکەڵەی ڕیشتەنکی لەتیشکچووی، مۆتوربەکراو لە خۆشەویستی خاکوخۆڵ"
پێشەوایەک کە:
"بۆ گەلی کوردی هەژار، بوو بە داری ڕیشەدار
کوردستان بە ناوی ئەو، دەرکەوت لە هەر دیار"
لەمڕۆدا، برووسکەی هیوایەک ئاراستەی [لە ماکۆوە تا مووسیان] ئەکات و ئەم هەواڵە وەرەبەخشە جاڕئەدات:
"مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دیموکرات
حیزبی دیموکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن ئەکا مات"
حیزبێک کە بێزووی ئازادیی دایکی نیشتمان ئەشکێنێ و دوای بەرەژانەکانی شۆڕشی سمکۆ و ڕاپەڕینی شێخی نەهری و سەرهەڵدانە ناوچەییەکانی‌تر؛
بەو ئامیانەی کە لە هەگبەکەی ژێکافی مەزنییەوە، هەڵیگرتووە، یەکەمین کۆماری کوردی دائەمەزرێنێ.

حیزبێک کە قاسملوو و شەرەفکەندی سیما و پێناسەیەتی و داهێنەری (وشەی مەزنی پێشمەرگە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب)ە: سێکوچکەیەک کە بوو بە هەوێن و مەکۆی سەرجەم بزووتنەوە و بزاڤە شۆڕشگێڕەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان.
حیزبێک کە سەدان سەروەری و شانازی گەورەی لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا تۆمار کردووە و هەرگیز خۆی قەتیس نەکردووە بە یەک شێوە خەبات و لە پاش ئەزموونە پیرۆزەکانی بەرگری شار و شۆڕشی شاخ، ئەو کاتەی کە هاوکێشە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچە وایپێکرد کە شێوە خەباتی تاراوگە ئەزموون بکات، هاتە ئاخێزگە پاکەکەی هزری حاجی قادر و شاعێری ئەی‌ڕەقیب، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی‌تریش:
"هەڵیکا بەیرەقی کوردان لە دەوران
لە مابەینی کەکۆن و هەیبەسوڵتان"
لە دامەزرانی ژێکافەوە تا بە ئەمڕۆ، ماوەی نیوەی تەمەنی پڕ لە گیانبازی و قارەمانێتی ئەم حیزبە؛ تاقانە حیزبی گۆڕەپانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و ئەو نیوەکەی‌تری تەمەنی، حیزبی یەکەمی پێشەنگ و ڕێکخەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بووە، دژ بە ڕێژیمەکانی پەهلەوی و ئاخوندی و بە کردەوە سەلماندوویەتی کە تا گەیشتن بە ئامانجەکانی، هیچ بەربەست و زەبروزەنگێک نەیتوانیێ پێش بە وره و چالاکی کادر و پێشمەرگانی بگرێ. مانەوە و بوونی کارای ئەم حیزبە لە مەیداندا، وایکردووە کە ڕۆژی دامەزراندنی، جێگە و پێگەیەکی تایبەتی ببێ لە ناو جەماوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ئاستی بۆنەیەکی پیرۆزی نەتەوەیی، هاوشێوەی نەورۆز، لەم ڕۆژەدا وەکوو نەریتێکی دێرین و مێژوویی کورد، لە بەرزاییەکان ئاگر ئەکرێتەوە و یادی ٢٥ی گەلاوێژ شکۆدار و بەرز ڕائەگیرێت.
ئێمەش ئەمڕۆ لە ساڵوەگەڕی ئەم یادە پیرۆزەدا، لەبەر شەوقی مەشخەڵانی ڕاسان و وەرزی نوێی خەباتی حیزبەکەمان کە گرێدانی خەباتی شاخ و شارە، سەرڕێژ لە هەستی شانازییەکی پیرۆز کە سەر بە حیزبێکی هێندە سەربەرز و خۆشەویستین؛
"هەر هەموومان چاو لە چاوی ئاسۆ ئەبڕین، بە ئاسمانی مەیلەو شینی خەیاڵانا، ئەفڕین، ئەفڕین و"
بە هەوراز و نشێوی تێکۆشانی ئەم حیزبەدا سەرئەکەوین و دائەگەڕێین و پەیمان لەگەڵ شەهیدان و ڕێبوارانی ڕێگای ئازادیدا، نوێ ئەکەینەوە و ئەڵێین:
"ئێمە ڕۆڵەی دێموکراتین سەرمان قوربانی ڕێبازی
هەتا مردن وەفادارین بە حیزبی پێشەوا قازی"



لە کاتێکا ئاسۆ ڕوونە
هەڵە و کاتی ڕزگار بوونە
نزیکە مەرگی بێدادی
هەموو دەڵێن بە دڵ شادی
ئەی ڕێبەر و پێشڕەوی کورد
ئەی حیزبی پێشەوا قازی
لێت پیرۆزە حەفتا و دوو ساڵ
خەباتی پڕ لە شانازی

## مەشخەڵ



من لافاوم من شاڵاوم، زیندان و بەند دەڕووخێنم
من ئەو گڕەم یاسای دژی مافی گەلان دەسووتێنم
من ئەو ڕۆژەم لەبەر تیشکم خێوی شەو چاوی هەڵنایە
من ئەو دارەم پشتم گەلە بە هیچ تۆفانێ دانایە
من ڕێبواری خاوەن وره و بە باوەڕی ڕێی خەباتم
من مەشخەڵی دەستی کوردم ئەمن حیزبی دێموکراتم
مێژووی لێوڕێژ لە شانازیم مێژووی ڕوون و سوور و دوورم
بۆ هەژار و چەوساوەکان ئاسۆی هیوا و مەکۆی نوورم
من قەندیل و ئارارات و زاگرۆس و سامرەندانم
من چوارچرام، من پێشەوام، ڕاپەڕین و سەرهەڵدانم
من ئەستێرەی گەلاوێژم پڕشنگرێژی ڕێی خەباتم
من مەشخەڵی دەستی کوردم، ئەمن حیزبی دێموکراتم




## تێخی حەق

باوەڕم کێوێکی بەرزە
بەرز بەقەت بەژن و باڵای کوردستانم
بە بەرزایی پیرۆزترین خەونەکانم،
شارێیەکی لە دەوری داو بەرەو لوتکە هەڵکشاوە
بێ وەی جارێك پسابێت و درزی دابێ
حەفتا ودوو دەوری لێداوە
دەورەکانی بە بریسکە فرمێسکی بەر خۆرەتاوی سەر گوڵاڵان
بە جریوەی چاوی سێرەی دەرزی هەڵگر
بە تریفەی مانگی خامە و سینەی سەمای لاپەڕەکان
ڕازاوەیە و مەکۆی نوورە
هەر دەورەیەی تاجی فەخری
تەخت پڕ یاقووتی سوورە
.
لە دەوری کێوی باوەڕم
شارێیەکە و حەفتا و دوو دەوری لێداوە
هەر دەورەیەی بە داربەڕوو چڕوپڕە
هەر دەورەیەی
تیخی حەقی حاشابڕە
هەر دەورەیەی
لە نێو پووشی گیانی
دوژمن ئاو و گڕە
دوا ئامانجی دەوری دەور
لوتکە دەباوەش گرتنە
لوتکە بووکە و گوێی لە قاقای لوولەی چەك و گوڕەی شارە
گوێی لە دەنگی زەنگی کاروانی سەروەری و بانگ و مژدەی جڵەوداوە.

بێبەش پیرۆتی

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:707 22.Aug 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


